رۆمان

ENDESE

سێ
ڕۆژی
کۆتایی

فێرناندۆ پێسەوا

وەرێنە

ئەنتۆنیۆ تابوکی

وەرگێڕانی عەتا محەمەد

وائن

سێ ڕۆژی کۆتایی فێرناندۆ پێسەوا

وارێنە

سێ رۆژی کۆتایی فێرناندۆ پێسەوا

وەرێنە

ئەنتۆنیۆ تابوکی

وەرگێڕانی عەتا محەمەد

ENDÉŞE
ئەندیشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: دانا مەلا حەسەن
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوی کتێب: وەڕێنە: سێ ڕۆژی کۆتایی فێرناندۆ پێسەوا
ناوی نووسەر: ئەنتۆنیۆ تابوکی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەتا محەمەد
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٤
چاپخانە: رجایی/ تاران
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٥٤٤)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە.

ISBN: 978-1-63068-979-7

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی

هذيان: أيام فرناندو بيسووا الثلاثة الأخيرة
أنطونيو تابوكي، ترجمة: أسكندر حبش، ١٩٩٧

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

پێڕست

پێشەکی ٩

٢٨ی تشرینی دووەم ١٩٣٥ ..... ١٥
ژیانم لە خۆم بەهێزتر بوو ١٧
کاتی تارماییەکان ٢٤
تەنها باسم لەو زەمەنە کردووە بەسەردەچێت ٢٨

٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥ ..... ٣٣
لە دووری چەند کیلۆمەترێک لە لیشبۆنە ٣٥
رەچەتەی ڕۆبیانی عەرەقکردوو ٤٠

٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥ ..... ٥٣
منیش مردنم بیرچوەوە ٥٥

ئەو کەسانەی لەم کتێبەدا دەردەکەون: ٦٣
* فێرناندۆ پێسەوا ٦٥
* ئەلفارۆ دو کامپۆس ٧١
* ئەلبەرتۆ کایرۆ ٧٢
* ڕیکاردۆ ڕەییس ٧٣
* بێرناردۆ سواریس ٧٤
* ئەنتۆنیۆ مۆرا ٧٥
* نووسەر ٧٦
* وێنەکێش ٧٩

پێشەکی
لەبەرگرتنەوەی کتێب

(...خوای گەورە ڕەحمیان پێ بکات،کەی ئیبن بەتریق،
ئیبن ناعمە، ئیبن قەررە (...)و ئیبن ئەلموقەففەع
وەک ئەرستۆ بوون؟ کەی خالید (کوڕی یەزید کوڕی معاویە)
وەک ئەفلاتون بووە؟)
جاحظ- کتاب الحیوان

پێش هەر شتێک دەبێت ئەو تکایە بکەم، ئەگەر پێسەوا بە باشی ناناسیت، ئەوا باشترە ئەم ڕۆمانە نەخوێنیتەوە. چونکە هیچ جوانییەکی نابێت لەلات و ئەوەی ئەم ڕۆمانە دەیڵێت، بەشێکی دەکەوێتە دەرەوەی خۆیەوە، کە ژیانی فێرناندۆ پێسەوا خۆی و کەسایەتییە دروستکراوەکانییەتی. ئاشنایەتیش بە تابوکی، تا ڕادەیەک بایەخی خۆی هەیە. کە من کاتێک لە ٢٠١٣دا گۆشەیەکم لە ڕەخنەی چاودێر هەبوو، لەژێر ناوی (یادی پیاوێک، کە ٧٢ سێبەری هەبوو) هەوڵمدابوو کەمێک لەبارەی ئەفسانەی پێسەواوە بدوێم. هەرچۆن لە بەشێکی کتێبی (پەراوێزنووسان)یشدا لەبارەی ئەنتۆنیۆ تابوکییەوە نووسیومە.

***

ئەمە یەکەم جارە هەوڵی وەرگێڕانی کتێبێک بدەم، ئەویش ئەم ڕۆمانە بچوکەی ئەنتۆنیۆ تابوکیی ڕۆمانnووسی ئیتالییە. با ئەو ڕایە فەرامۆش نەکەین، کە پێی وایە وەرگێڕان بریتییە لە نووسینەوەی دەقێک بە زمانێکی تر، یاخود لە زمانێکی تردا. بەڵام وەرگێڕان بریتی نییە لە کۆپی کردنی دەقێک لە زمانێکی تردا، یاخود لەبەرگرتنەوەی دەقێک بە زمانێکی تر. لەبەر ئەوەی هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە چ لە ئاستی دەنگ، چ لە ئاستی مانا و ڕێزمانیشدا. هەربۆیە ئەو وتەیەی جاحظ (٧٥٩-٢٥٥ی کۆچی)م هێناوەتەوە، کە لەو سەردەمەدا باسی کاری ئەو وەرگێڕانە دەکات، کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانی و هیندی و فارسییەوە ئەدەب و فەلسەفە و زانستی ئەو سەردەمەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و دەپرسێت: کەی وەک ئەسڵەکە وان؟ لێرەدا ئەو چیرۆکەی بۆرخیسم دێتەوە یاد (گەڕانی ئیبن ڕوشد)، کە باس لەوە دەکات کاتێک ئیبن ڕوشد بەشی یانزە لە کتێبی (تهافت التهافت) لە دژی کتێبەکەی غەزالی (تهافت الفلاسفة) دەنووسێت، بەوپێیەی یۆنانی و سریانی نازانێت، لە ڕێگای (وەرگێڕانی وەرگێڕانێکەوە) بەر هەردوو وشەی (تراژیدیا و کۆمیدیا) دەکەوێت، کە لە زمانی عەرەبیدا نین، چونکە پەیوەندییان بە هونەرێکەوە هەیە، کە شانۆیە و ئەم هونەرەش لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامیدا نییە. دیارە زۆرێک لە چیرۆکەکانی بۆرخیس بە کەڵکی گێڕانەوە نایەن و باشترە خوێنەر خۆی هەوڵی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە بدات. ئیبن ڕوشد لەو چیرۆکەدا تووشی ئەو وشانە دەبێت، کە لەزمانەکەی خۆیدا بەرانبەریان نییە (بەوپێیەی هونەری شانۆ بوونی نییە) هەربۆیە دەبێت بەرانبەریان بۆ دابنێت. کە ئەمە یەکێکە لە گرفتەکانی وەرگێڕان. گرفتی دووەم گواستنەوەی مانای دەقەکەیە

بۆ زمانێکی تر.

من لێرەدا هەستەکەم زیاتر هەوڵمداوە دەقەکە بگوێزمەوە بۆ کوردی، نەوەک سەرلەنوێ نووسینەوەی ئەم ڕۆمانە بە کوردی. چونکە من وەک نووسەرێکی تری دەقەکە (ئەگەر ئەم گوزارشتە گونجاو بێت بۆ وەرگێڕ) جگە لە زیادکردنی هەندێک پەراوێز، هەوڵم نەداوە لە سنووری دەقەکە دەربچم و وەک نووسەرەوەیەکی تری دەقەکە، ئەو شتانە بنووسمەوە، کە لە ئەندێشەمدان، ئەگەر هاتوو من ئەم ڕۆمانەم بنووسیایە یاخود بنووسیایەتەوە.

***

ئەم ڕۆمانە، ساڵی ١٩٩٤ وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی لە خانەی لۆسوی فەرەنسا، پێش ئیتالییەکەی بڵاوەکرێتەوە و منیش هەوڵمدا لەسەر ئەو وەرگێڕانەی ئەسکەندەر حەبەش وەری بگێڕم بۆ کوردی، کە لە فەڕەنسییەوە کردوویەتی و ساڵی ١٩٩٧ بڵاوی کردۆتەوە و ٧٦ لاپەڕەیە، نەوەک لەسەر ئەو چاپەی ٢٠١٣ە، کە ١٢٦ لاپەڕەیە، بەوەی لەم چاپەیاندا، حەبەش پێشەکییەکی درێژی ٥٠ لاپەڕەیی بۆ کتێبەکە زیادکردووە و من ئەم نوسخەیەیانم دەستنەکەوتووە.

***

هەر کتێبێک چیرۆکی خۆی هەیە، منیش دەمەوێت چیرۆکی خۆم لەگەڵ ئەم کتێبەدا بگێڕمەوە، کە سەرئەنجام ناچاربووم لە زمانی سێیەمەوە هەوڵبدەم بیکەم بە کوردی. ئەگەرچی من دەزانم قسە لە وەرگێڕان دەکرێت لە زمانی یەکەمەوە. بەڵام من نە زمانی یەکەمی ئەم ڕۆمانە دەزانم، نە زمانی دووەمی، دەشمویست خوێنەرانێک لەگەڵمدا ئەم ڕۆمانە بچوکە بخوێننەوە. بەڵام متمانە بوون بە وەرگێڕێکی وەک ئەسکەندەر حەبەش (کە

دواتـر تووشـی گومـان بـووم)، پاڵنەرێـک بـوو بۆئـەوەی جورئەتـی کارێکـی وا بکـەم، (پاشـان پاڵنەرێکـی تـر ئەوەبـوو شـوان ئەحمـەدی هاورێـم، کـە ئاشـنایەتییەکی زۆری لەگـەڵ دنیـای پێسـەوادا هەیـە، ئامادەیـی خـۆی دەربـڕی کۆمەکـم بـکات و بـە دەقەکـەدا بچێتـەوە، کـە هەرواشـی کـرد). چاپێکـی دیکـەی ئـەم ڕۆمانـە، کـە لەبەردەسـتمدا بووبێـت، ئیسـپانییەکەی بـوو، کـە مـن تەنهـا یـەک وشـە لـەو زمانـە نازانـم. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەردوو نوسـخەکەم دانـا و لـە هەندێـک لایەنـەوە بـەراوردم کـردن. بینیـم لـە ئیسـپانییەکەدا، فەسـڵەکان تەنهـا ژمارەیـان هەیـە و وەک نوسـخەکەی ئەسـکەندەر حەبـەش ناونیشـانیان نییـە. کـە بـەلای منـەوە کارەکەی حەبەش جوانترە. پاشـان حەبـەش هەسـتاوە بـە زیادکردنـی بەشـێک، کـە ژیاننامـەی تابوکـی و ئـەو کەسـانەی بـە کورتـی نووسـیوەتەوە، کـە لـەم ڕۆمانـەدا ناویـان هاتـووە، ئەمـەش لـە ئیسـپانییەکەدا نەبـوو. منیـش لـەم بەشـەدا زۆر پەیوەسـت نەبـووم بـە دەقەکـەی ئەسـکەندەر حەبەشـەوە و خـۆم هەندێـک زیاتـر لـەوەی ئـەوم نووسـیوە تـا زیاتـر کۆمەکـی خوێنـەر بـکات. پاشـان لەلایەنـی نەخشەسـازییەوە، حەبـەش سـکێچەکانی (خۆلیـۆ پومـار)ی لـەم کتێبـەدا داناوە، کـە لـە ئیسـپانییەکەدا نییـە و مـن بەلامـەوە جـوان بـوون.

شـتێک کـە حەزدەکـەم باسـی بکـەم ئەوەیـە، لـە سـێ دێـڕدا گرفتـم لـە تێگەشـتنیان هەبـوو، ناچـار ناونیشـانی ئەسـکەندەر حەبەشـم دۆزییـەوە و ئـەوەم پێـوت، ئەویـش بـە چەنـد وشـەیەک وەڵامـی دامـەوە، کـە بـۆی بنێـرم. ئەوەبـوو بەنامەیەکـی کـورت بـۆم نـارد و ئیـدی وەڵامـی نەبـوو. ناچـار مـن لەسـەر نوسـخە ئیسـپانییەکە (کـە یـەک وشـەی لـێ نازانـم) بەدوایانـدا گـەڕام و دۆزیمنـەوە. یەکێـک لـەو شـتە سـەیرانە ئـەو فەسـڵەیە بەنـاوی (ڕەچەتـەی

ڕۆبیانـی عەرەقکردوو)وەوەیـە. لـە عەرەبییەکـەدا نـاوی (رەچەتـەی کەرکەدەنـی عەرەقکـردوو)ە. بـەڵام مـن هەرچەنـد دەمخوێنـدەوە هیـچ ئاماژەیەکـم نەدەبینـی بـۆ گۆشـتی کەرکـەدەن، بەڵکـو باسـی خواردنـی ئاژەڵـە تۆێکڵدارەکانـی دەکـرد. منیـش بـۆ حەبەشـم نووسـی بـوو، ئایـا ئاژەڵێکـی دەریایـی هەیـە بەنـاوی کەرکەدەنـەوە؟ بـەڵام ئـەو وەڵامـی نەدامـەوە و خۆشـم چەنـد گـەڕام شـتێکی وام نەبینـی. ناچـار لـەو فەسـڵەدا، بـە زمانێکـدا دەگـەڕام کـە هیچـی لـێ نازانـم و ئیسـپانییە، تـا ئـەو وشـەیەم دۆزییـەوە و لەڕێـگای فەرهەنـگ و گۆگڵـەوە زانیـم مەبەسـتی ڕۆبیانـە، چونکـە لەگـەڵ وشـەکەدا وێنـەی ڕۆبیانـی دەهێنـا و ئەمـەش لەگـەڵ ڕەچەتـەی خواردنەکـەدا دەگونجـا. ئەمـەش تووشـی گومانـی کـردم. بـەڵام ئەمـە کاتێـک بـوو کـە مـن کارەکـەم تـەواو کردبـوو.

***

سـاڵانێک پێـش مەرگـی تابوکـی، مـن ئـەم ڕۆمانـەم خوێندبـوەوە، ڕۆژی دوای ئـەوەی لـە ٢٥ی ئـازاری ٢٠١٢ مـرد، خۆبەخـۆ مـن ئـەم ڕۆمانەیـم بـۆ جـاری دووەم خوێنـدەوە، چونکـە تەنهـا شـت بـوو لـە دەسـتم دەهـات بـۆ مردنەکـەی. خۆشەویسـتی مـن بـۆ ڕۆمانەکانـی تابوکـی، دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرسـامیم بـە پێسـەوا و تابوکییـش بـە یەکێـک لـە پێسـەوا مەزنـەکان دادەنرێـت لـە جیهانـدا. پاشـان ئـەو کـورت نووسـییەی لـەم ڕۆمانـەدا هەیـە، مایـەی سەرسـامیمە و لـەو بـاوەڕەدام کـورت تریـن ڕۆمـان بێـت، تـا ئێسـتا خوێندبێتمـەوە.

ئـەم ڕۆمانـە کورتـە و نامەوێـت هیچـی لەبـارەوە بڵێـم، چونکـە ئەوکاتـە پاسـاوی خوێندنـەوەی کـەم دەبێتـەوە. بـەڵام دەمەوێـت دوو تێبینـی بـدەم: یەکەمیـان ئەوەیـە کـە باشـترە ئەگـەر خوێنـەر ئاشنایەتی لەگـەڵ دنیـای پێسـەوا و تابوکیـدا نییـە، ئـەوا بچێـت دواییـن

بەش بخوێنێتەوە، کە پەیوەندی بە ژیاننامەی ئەو کەسانەوە هەیە، کە لە کتێبەکەدا ناویان هاتووە، دوای ئەوە بگەڕێتەوە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانەکە.

دووەم تێبینی پەیوەندی بەوەوە نییە، کە ڕستەکان بۆچی ئەوەندە فاریزەی تیادا بەکارهێنراوە، چونکە لە وەرگێڕانەکەی حەبەش و ئیسپانییەکەشدا وایە و منیش تا بۆم کراوە پەیوەست بووم پێیەوە، بەڵکو دەمویست لەبارەی ئەوەوە تێبینی بدەم، کە زۆربەی ڕستەی ناو ڕۆمانەکە پەیوەندییان بە ژیانی پێسەوا و کەسایەتییەکانی و دنیای نووسین و بیرکردنەوەیانەوە هەیە و خوێنەر دەبێت لە پاشخانی ئەو ڕستە و زاراوە و ناوانە لە دنیای پێسەوادا ئاگادار بێت. چونکە تێنەگەشتن لەوانە، وا دەکات خوێنەر تەواو لەدەقەکە تێنەگات. ئەگەرچی من هەوڵمداوە هەندێکیان لە پەراوێزدا ڕوون بکەمەوە، بەڵام هێشتا هەندێک ناو ماون، کە خوێنەر دەبێت بۆخۆی بەدوایاندا بگەڕێت، تا بتوانێت لە ڕۆمانەکە باشتر تێبگات.

***

۲۸ی تشرینی دووەمی ۱۹۳۵

ژیانم له خۆم بەهێزتر بوو

وتی: یەکەمجار دەبێت ڕیشم بتاشم، حەزناکەم بە ڕیشێکی سێ ڕۆژ هاتووەوە بچم بۆ نەخۆشخانە، تکاتان لێ دەکەم ماناسیسی سەرتاشم بۆ بانگ بکەن، ئەو لە سەرەتای شەقامەکە دەژی.

دەرگاوانەکە وتی: بەڵام بەڕێز پێسەوا کاتمان نییە، تەکسییەکە گەشتووە، هەروەها هاوڕێکانیشت ئەوەندە نابێت گەشتوون و لە بەردەرگای باڵەخانەکە چاوەڕوانتن.

ئەوە گرنگ نییە، ئێمە هەمیشە کاتمان هەیە. وەڵامی دایەوە.

لەسەر ئەو کورسییە بچوکە دانیشت، کە هەمیشە ماناسیس لەسەری ڕیشی بۆ دەتاشی، دەستی بەخوێندنەوەی شیعرەکانی سا- کارنییرۆ[1] کرد.

***

ئاغای ماناسیس خۆی کرد بە ژووردا و سڵاوی لێ کرد: ئێوارەت باش ئاغای پێسەوا، پێیان وتم تۆ باش نیت، ئاواتەخوازم شتێکی مەترسیدار نەبێت.

خاولییەکی لە ملی ئاڵاند و دەستی بە سابون لێدانی ڕیشی کرد.

---

١ لە پاریس دەژیا و پێسەوا لەوێ دەیناسێت و سەرسام دەبێت پێی و لە ڕێگای ئەویشەوە ڕێبازی شیعری پێشڕەو دەناسێت. خۆی دەکوژێت و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر پێسەوا و گۆشەگیربوونی بۆ ماوەی بیست ساڵ تا مردنی. (و.ک)

پێسەوا وتی ئاغای ماناسیس شتێکم بۆ باس بکە، تۆ زۆر وردە چیرۆکی گرنگ دەزانیت، چونکە لە سەرتاشخانەکەت چاوت بە زۆر کەس دەکەوێت، شتێکم بۆ باس بکە.

***

پێسەوا قاتێکی تۆخی لەبەرکرد، کە بەو دواییانە بە دووریی دابوو، بۆینباخێکی (پاپیۆن)[٢]ی بەست و چاویلکەکەی لە چاو کرد. کەش و هەوا سارد نەبوو، بەڵام لە دەرەوە باران دەباری، لەبەرئەوە بارانپۆشە زەردەکەی لەبەرکرد، پاندان و دەفتەری تێبینییەکانی هەڵگرت و لە قادرمەکان چووە خوارەوە.

لە ناوەڕاستی قادرمەکاندا، فرانشیسکۆ گۆفییا و ئەرماندۆ تێکسیرای هاوڕێی بینی. ئەوان نیگەران دیاربوون و هەریەکەشییان، چەترەکەی خۆی بە دەستەوە بوو، کە ئاویان لێ دەچۆڕا.

لەگەڵت دێین. هەردووکیان پێکەوە وایان وت.

پێسەوا زەردەخەنەیەکی کرد، زەردەخەنەیەکی بێ ئاگایانەی کرد. سەرلەنوێ لەلای ڕاستیدا هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد. ئەمەش ڕێی لێدەگرت خۆش ڕەفتاربێت. هەردوو هاوڕێکەی دەستییان دایە تا لە دابەزیندا یارمەتی بدەن. بەڵام ئەو ڕەتی کردنەوە و دەستی بە محاجەرەکەوە گرت. لە بەردەرگای باڵەخانەکە، ئاغای مواتینهۆ دو ئەلمییدای خاوەنکارەکەی بینی، کە لەگەڵ شۆفێرەکە قسەی دەکرد.

ئاغای پێسەوا منیش دێم. ئاغای مواتینهۆ دو ئەلمییدا بە پەرۆشییەوە وای وت. واچاکە منیش بێم، ناتوانم لێگەڕێم ئاوا بڕۆیت.

ئاغای مواتینهۆ دو ئەلمییدا خۆت نارەحەت مەکە، پێسەوا بە

٢ پاپیۆن: ئەو بۆینباخەیە، کە لەشێوەی پەپوولەدایە. (و.ک)

هێواشی وای وت، دوو هاوڕێکەم لەگەڵم دێن، خۆت زەحمەت مەدە.
بەڵام بە ئاغای مواتینهۆ دو ئەلمییداوە وا دیار بوو بڕیاری خۆی دابێت، هەربۆیە دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی بۆ کردەوە، پێسەوا لە پێشەوە بە تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشت، لەکاتێکدا سێ هاوڕێکە چوونە دواوە.

***

ئۆتۆمبیلەکە بە بەردەم کڵێسای (ئیستریلا)دا ڕۆیشت، پێسەواش لە جامەکەوە ماوەیەکی زۆر سەیری گومەزەکەی کرد. کڵێساکە، بە گومەزە مەزنە بارۆکی[٣] و دەروازە ڕازاوەکەیەوە، کڵێسایەکی جوان بوو. لەو باخەدا-کە لەبەردەم کڵێساکەدایە- پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، ئا لێرەدا ژوانی لەگەڵ ئۆفیلیا کوێرۆزی تاقە خۆشەویستییە گەورەکەی دەبەست و لەسەر کورسیی باخی (ئێستریلا) ماچی شەرمنانە و بەڵێنی فەرمیان دەگۆڕییەوە، کە تا ئەبەد یەکترییان خۆشبوویێت.
بەڵام ژیانم لە خۆم و خۆشەویستییەکەشم بەهێزتر بوو، پێسەوا لەژێر لێوەوە وای وت. بمبەخشە ئۆفیلیا، دەبوو بنووسم، هیچی ترم لەسەر نەبوو جگە لەوەی بنووسم، نەمدەتوانی هیچیتر بکەم. ئێستاش هەموو شتێک تەواو بووە.
تەکسییەکە بە بەردەم پەرلەماندا تێپەڕی، پاشان هێواش خۆی کرد بە (ئەلکالسداد دو کۆمبرۆ)دا. ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا لەم ناوچەیە ژیابوو، ژوورێکی بەکرێ گرتبوو. خاوەنەکەی ژنێک بوو بەناوی دۆنا ماریا داس فیرتودیس. باش لە بیریەتی،

---

٣ بارۆک: بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لە سەدەی ١٧دا بەدەرکەوت، ئەویش لە پیشەی زەرنگەریدا. دوای ئەوە بە هەموو کارێکی هونەری دەوترا کە نامۆ و پڕ لە زەخرەفە بێت. ئەم شێوازە بە مەزنیو وردەکاری دەناسرێتەوە، وەک کۆشکی ڤێرسای لە فەرەنسا. (و.ک)

خانمێک بوو لە تەمەنی شەست ساڵێدا، سنگێکی شۆڕەوەبووی هەبوو، قژێکی بە ڕەنگی زەرد بۆیە کراویش، هەموو ئێوارەیەک ئەمی بانگ دەکرد تا بچێت و لیکۆری گێلاسی لەلا بخواتەوە و لە دانیشتنە ڕۆحانییەکانیدا بەشدار بێت، کە پەیوەندی بە مێردە مردووەکەیەوە، مارشال بێرییرا، دەکرد و لەگەڵیدا دەکەوتە گفتوگۆی درێژ لەبارەی جەنگەکانی ئەفریقا و تەنانەت نرخی بیبەریشەوە. پاشان لەگەڵ پێسەوادا، یەکی پێکێکی بچوکیان لە جینجیهاها[٤] دەخواردەوە و خۆشاوی گێلاسیان دەخواردو پێسەوا بە وتنی شەوت شاد دۆنا ماریا داس فیرتودیس، خەوێکی خۆش بۆتان، ڕوخسەتی لێ دەخواست و دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. لەو ئێوارانەدا پەیوەندی بە (بێرناندۆ سواریس)ەوە دەکرد. (کتێبی نائارامی) بۆ دەنووسی. دەمەو بەیانییان هەڵدەستا تا ڕووناکییە گۆڕاوەکانی سەر لیشبۆنە و تۆنەکانی ببینێت، ئەوەشی لە یاداشتە دەفتەرێکدا تۆمار دەکرد، کە بەرگێکی چەرمی هەبوو، دایکی لە ئەفریقای باشوورەوە بۆی ناردبوو.

***

کاتێک گەشتنە شەقامی (لوز سوریانۆ)، پۆلیسێک ڕایگرتن.

پۆلیسەکە وتی مەحاڵە تێپەڕن، شەقامەکە بە خۆپیشاندانێکی نیشتمانیی گیراوە، لەوێ هەرا و زەنایە، ئەمڕۆ، لە شارەکەدا جەژنە.

ئاغای مواتینهۆ خۆی بەسەر دەرگاکەدا چەماندەوە. بە متمانە و جدییەتەوە وتی: من دکتۆر مواتینهۆ دو ئەلمییدام، دەبێ بچین بۆ نەخۆشخانەی قەشە لویسی فەرەنسی، نەخۆشێکمان پێیە.

پۆلیسەکە کڵاوەکەی بەرزکردەوە و سەری خوراند. وتی:

---

٤ لیکۆر و جینجیهاها دوو شەرابی پورتوگالین.

گـوێ بگـرن بەڕێزینـە، ڕێگـە دەدەم ڕێڕەوتـان کەمێـک بگـۆڕن، ڕێگاکـەش ئاڕاسـتەکەی پێچەوانەیـە، بـەڵام لـەم حاڵەتـەدا، دەتوانـن بـڕۆن، پێـچ بکەنـەوە بـە لای ڕاسـتدا، پاشـان یەکەوڕاسـت ڕووبکەنـە لای چـەپ، ئیـدی خۆتـان لـە شـەقامی (بایـرۆ ئەلتـۆ) دەبینـنـەوە.

پێسـەوا پێکەنـی، چونکـە پۆلیسـەکەی ناسـییەوە. نـاوی کۆیلهـۆ باشـیکۆ بـوو، یەکێـک لـە هاوشـێوە دەگمەنەکانـی خـۆی بـوو، ئـەو کەسـێک بـوو تەنهـا جارێـک نەبێـت، ئیـدی شـیعری نەنووسـیوە، ئـەوەی نووسیشـی تەمومـژاوی و ڕوانینـاوی[٥] و خـاوەن شـێوازێکی گوتیـی[٦] نـوێ بـوو. کۆیلهـۆ باشـیکۆ لێـرە چـی دەکات، کـە خـۆی لـە بەرگـی پۆلیسـدا گۆڕیـوە؟

لەوانەیـە مامۆسـتا[٧] بـۆ ئەمـی ناردبێـت تـا ئـەو ڕێگایـەی بـۆ بکاتـەوە، کـە دەبێـت بیگرێتـە بـەر. پێسـەوا دەسـتی بـەرز کـردەوە و بـە هێمایەکـی نهێنـی، ئاماژەیەکـی بـۆ کـرد. کۆیلهـۆ باشـیکۆش لـەلای خۆیـەوە بـە هێمایەکـی نهێنـی، ئامـاژەی بـۆ کـردەوە، ئۆتۆمبیلەکـە لـە یەکـەم شـەقام بـەلای ڕاسـتدا ڕۆیشـت.

***

لـە پرسـگەی نەخۆشـخانەکە، سسـتەرێکی لـێ بـوو باوێشـکی دەدا، ئاغـای مواتینهـۆ دو ئەلمییـدا قسـەی لەگـەڵ کـرد، داوای پزیشـکی

---

٥ ڕوانینـاوی- ڕوئییـەوی: ئـەو ڕێبـازە شـیعرییەیە کـە شـاعیرەکانی توانـای ڕۆچـوون بـە نادیـار و پەنهانەکانیانـدا هەیـەو ڕامبـۆ یەکێکـە لـە شـاعیرە دیارەکانـی ئـەم ڕێبـازە. (و.ک)

٦ ئـەو جـۆرە هونەرەیـە لـە سـەدەی دوانـزەوە سـەریهەڵداو دەگەڕێتـەوە بـۆ خێڵـە گوتییـە ئەڵمانییـەکان، کـە لـە سـەدەی پێنجـدا ئیتالیایـان داگیرکـرد، وەک هونەرێکـی بەربـەری سـەیر دەکـرێ، چونکـە دەگەڕایـەوە بـۆ ئـەو نەتەوانـەی بەهـا ڕۆمانییەکانیـان تێکشـکاندو ئـەم هونـەرەش پەیوەسـتییەکی زۆری بـە چیرۆکـە ترسـناکەکانەوە هەیـە. (و.ک)

٧ پێدەچێت مەبەستی ئەلبەرتۆ کایرۆ بێت، وەک دواتر دەبینین.(و.ک)

ئێشک گری کردو وتی حاڵەتەکە پەلەیە.

پێسەوا لەسەر قەنەفە یەک تاکییەکە دانیشت و دەستی بە خەون بینین کرد. بەشێک لە منداڵیی خۆی دەبینی، دەنگی دیۆنیزیای داپیرەی دەبیست، کە لە پەناگایەک مرد. نەنکی پێیدەوت فێرناندۆ تۆ وەک من دەبیت، چونکە خوێن نابێت بە ئاو، بە درێژایی ژیانت هاوەڵیت دەکەم، چونکە ژیان شێتێتییە و تۆش دەزانیت چۆن بەشێتێتی بژیت.

وەرە لەگەڵم، پزیشکەکە وای وت و قۆڵی گرت تا هەڵی بستێنێت.

هاوەڵیی کرد بۆ ژوورێک، چەرپایەکی بچوکی تیابوو، بۆنی دیتۆڵی لێدەهات.

پزیشکەکە فەرمانی پێ کرد: جلەکانت دابکەنە.

پێسەوا جلەکانی داکەند.

پزیشکەکە فەرمانی پێ کرد: ڕاکشێ.

پێسەوا ڕاکشا.

پزیشکەکە دەستی بە پشکنینی کرد، دەستی لە لەشی دەدا، گەشتە شوێنی جگەری، پێسەوا نالاندی.

پزیشکەکە لێی پرسی: لە کەیەوە هەست بە ئازار دەکەیت؟

پێسەوا وەڵامی دایەوە: لە پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە.

پزیشکەکە لێی پرسی: هەستت بە چی دەکرد؟

پێسەوا وەڵامی دایەوە: ئازاری زۆر، سەوزاوێکیشم هەڵهێنایەوە.

پزیشکەکە سستەرەکەی بانگ کردو پێیوت نەخۆشەکە لە ژووری ژمارە ٤ دابنێت. دوای ئەوە فایلەکەی هەڵگرت و لە کارتی نەخۆشییەکەی نووسی: نەخۆشیی جگەر.

پێسەوا خواحافیزی لە هاوڕێکانی کرد، ئاغای مواتینهۆ دو

ئەلمییدا ئارەزوی دەکرد بمێنێتەوە، بەڵام پێسەوا بە میهرەوە بەڕێی کرد و بەپەلە دوو هاوڕێکەی تریشی لە ئامێزگرت.

وتی: هاوڕێ ئازیزەکانم ئەمشەو لێم گەڕێن، لەوانەیە سبەینێ، کەسێک بێت سەردانیم بکات، دوو سبەی یەکتر دەبینینەوە.

***

ژوورەکە، کونجێکی سادە بوو، چەرپایەکی ئاسن و دۆڵابێکی سپی و مێزێکی بچوکی تیابوو.

پێسەوا لەسەر چەرپاکە دانیشت، گڵۆپی سەر کۆمەدییەکەی داگیرساند، سەری خستە سەر سەرینەکە و دەستی بەلای ڕاستیدا هێنا. خۆشبەختانە، ئازارەکە کەمتر ببوو. سستەرەکە پەرداخێک ئاو و دەنکە حەبێکی بۆ هێنا، پاشان وتی: بمبووورە، دەبێت دەرزییەکت لێ بدەم، پزیشکەکە فەرمانی ئەوەی داوە.

پێسەوا داوای قومێک (لۆدانۆم)ی کرد، ئەوەش خەولێخەرێک بوو، لەسەر بەکارهێنانی ڕاهاتبوو، کاتێک-بەو سیفەتەی بێرناردۆ سواریس بوو- و نەیدەتوانی بخەوێت. سستەرەکە بۆی هێنا و پێسەواش خواردییەوە.

ناوم کاتارینایە، سستەرەکە وای وت، ئەگەر پێویستت پێم بوو زەنگم بۆ لێبدە، دەستبەجێ دێم.

***

کاتی تارماییەکان

پێسەوا پرسی: سەعات چەندە؟

نزیکەی نیوە شەوە، ئەلفارۆ دو کامپۆس وەڵامی دایەوە، ئەمە باشترین کاتە بۆ بینینت، ئەمە کاتی تارماییەکانە.

پێسەوا پرسی: بۆچی هاتوویت؟

ئەلفارۆ دو کامپۆس وەڵامی دایەوە: هەندێک شت هەیە لەبارەیەوە بدوێین، چونکە ئەگەر تۆ کۆچی دواییت کرد، ئەوا من دوای تۆ ناژیم، منیش لەگەڵتدا کۆچی دوایی دەکەم، ئیدی پێش ئەوەی رۆچینە ناو تاریکییەوە، هەندێک شتمان هەیە لەبارەیەوە بدوێین.

پێسەوا پشتی بە سەرینەکەیەوەدا، قومێک ئاوی خواردەوە و پرسی: ئەی تۆ چیت کردووە؟

ئازیزم، ئەلفارۆ دو کامپۆس وەڵامی دایەوە، -بە خۆشحاڵییەوە- دەبینم بە ئەندازیار بانگم ناکەیت و بەڕێزیشەوە قسەم لەگەڵ ناکەیت و بێ هیچ زۆر لە خۆکردنێک هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەیت.

ئەی چۆن، پێسەوا وەڵامی دایەوە، تۆ هاتیتە ژیانمەوە، بوویتە ئەلتەرناتیڤی من، هۆکاریش بوویت بۆ کۆتایی هێنانی پەیوەندییەکەم لەگەڵ ئۆفیلیا.

ئەوەم لەبەر خاتری تۆ کرد، ئەلفارۆ دو کامپۆس درێژەی پێدا،

چونکە ئەو کچە گەنجە سەربەدەرە، بۆ پیاوێک نە دەگونجا لە تەمەنی تۆدا. هاوسەرگیرییەکەتان سەرکەوتوو نەدەبوو. پاشان، تۆ دەزانیت هەموو ئەو نامەی خۆشەویستییانەی بۆت نووسی، قسەی قۆڕ بوون. لەو باوەڕەدام هەموو نامە دڵدارییەکان بێ مانان، لە کۆتاییدا، لە سەخافەت ڕزگارم کردیت. هیوادارم لەپای ئەوە سوپاسم بکەیت.

پیسەوا بە پرتەوبۆڵەیەکەوە وتی: خۆشمدەویست.

ئەوە خۆشەویستییەکی بێ مانایە، ئەلفارۆ دو کامپۆس وەڵامی دایەوە.

بەڵێ، لەوانەیە وا بێت، بە دڵنییاییەوە، پێسەوا وەڵامی دایەوە، ئەی تۆ؟

کامپۆس وتی: من؟ من، باشە، من ڕۆحی گاڵتەم هەیە، سۆناتایەکم نووسی، هەرگیز پێم نەوتوویت، چونکە باسی خۆشەویستییەک دەکات، کە بێزارت دەکات، لەبەرئەوەی بە کوڕە لاوێکم پێشکەش کردووە، لاوێک لە ئینگلتەرا خۆشمویست و خۆشیویستم. سەرئەنجام، لەدوای ئەم سۆناتایەوە، ئەفسانەی خۆشەویستییە چەپێنراوەکەت لەدایک دەبێت، ئەوەش هەندێک ڕەخنەگر دڵخۆش دەکات.

پێسەوا لەژێر لێوەوە وتی بە ڕاست کەسێکت خۆشویستووە.

بەڕاستی کەسێکم خۆشویست، کامپۆس بە هێواشی وەڵامی دایەوە.

کەواتە، من دەتبەخشم، پێسەوا وای وت، من گەردنت ئازاد دەکەم. لەو باوەڕەدا بووم لە ژیانتدا جگە لە تیۆرییەکان، هیچت خۆش نەویستووە.

نەخێر، کامپۆس وای وت و لە چەرپاکە نزیک بوەوە، هەروەها

ژیانیشم خۆشویستووه، ئەگەر لە سروده ئایندەخوازیی[٨] و تەمومژاوییەکانمدا بە گاڵتەجاڕییەوە نووسیبێتم، ئەگەر لە شیعرە نهیلیستییەکانمدا هەموو شتێکم بە خۆشمەوە وێران کردبێت، ئەوە بزانە لە میانەی ژیانمدا، منیش خۆشەویستیم کردووه، بە ئازارێکی هۆشمەندانەوە خۆشەویستیم کردووه.

پێسەوا دەستی بەرزکردەوە و بە جوڵەیەکی تەمومژاوی ئاماژەیەکی کرد. وتی: ئەلفارۆ لێت دەبووڕم. لەگەڵ خوداوەندە نەمرەکاندا بڕۆ، ئەگەر خۆشەویستیت کردووه، ئەگەر تەنها جارێک خۆشەویستیت کردووه، ئەوا بەخشراویت، چونکە تۆش مرۆڤیت، مرۆڤایەتییەکەت بەخشیتی.

کامپۆس پرسی: دەتوانم جگەرە بکێشم.

پێسەوا بە ئەرێیی سەری ڕاوەشاند. کامپۆس قوتوویەکی زیوی لە گیرفانی دەرهێنا و جگەرەیەکی دەرکرد، کردییە سەبیلێکی عاجەوە و دایگیرساند. وتی:

فێرناندۆ دەزانی من تاسەی ئەو ماوەیە دەکەم تیایدا شاعیرێکی سوک و ڕسوا بووم. کاتێک ئەو سەفەرەم کرد لەسەر پشتی کەشتییەک لە دەریاکانی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵێ، ئەوکاتە، شایەنی شیعرنووسین بووم لەژێر تریفەی مانگدا، دڵنیات دەکەمەوە، لە ئێوارەدا، لەسەر پردەکە، کاتێک ئاهەنگێک لەسەر پشتی کەشتییەکە هەبوو، ئەوکاتە مانگ زۆر کەرنەڤاڵئامێزانە و تەنها هی منیش بوو. بەڵام لەو سەردەمەدا، گەمژە بووم، گاڵتەم

---

٨ ئەو بزوتنەوەیەیە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئیتالیا و ڕوسیا و ئینگلتەرەدا دروست بوو، فیلیپۆ مارینیتی بە دامەزرێنەری دادەنرێت. بەواتای ڕووکردنە ئایندە، جیابوونەوە لە ڕابردوو و ڕۆشنبیرییەکی نوێ دێت و لە هەموو بوارە هونەری و ئەدەبییەکاندا چالاک بووە. (و.ک)

بـە ژیـان دەهـات، نەمدەزانـی چـۆن چێـژ لـەو ژیانـە وەربگـرم کـە پێمدرابـوو، ئیـدی ئـاوا ئـەو هەلـەم لەدەسـتدا و ژیانیشـم بـە بـا چـوو.

دوای ئەوە؟ پێسەوا پرسی.

دوای ئـەوە، ئـارەزووم لـەوە بـوو سـیمبولەکانی واقیـع بکەمـەوە، وەک ئـەوەی بتوانرێـت سـیمبولەکانی بکرێتـەوە، دوای ئـەوە تووشـی نائومێـدی بـووم. لەگـەڵ نائومێدیـدا، نهیلیسـتییەت. دوای ئـەوە، ئیـدی بـاوەڕم بـە هیـچ شـتێک نەدەکـرد، تەنانـەت بـە خۆشـم.

ئەمـڕۆ مـن لێـرەم، نزیـک چەرپاکـەت، وەک پارچـە پەڕۆیەکـی بـێ کەڵـک. جانتاکانـم ئامادەکـردو نەڕۆیشـتم بـۆ هیـچ شـوێنێک. دڵـم هیـچ نییـە جگـە لـە دەفرێکـی بەتـاڵ.

کامپـۆس بـەرەو کۆمەدییەکـە ڕۆشـت و جگەرەکـەی لـە قاپێکـی بچوکـی فەخفوریـدا پلیشـاندەوە.

درێـژەی پێـدا: باشـە، ئازیـزم پێسـەوا، مـن پێویسـتم بـەوە بـوو، ئێسـتا، هەمـوو ئەمانـەت پـێ بڵێـم. لەوانەیـە جیاببینـەوە، دەبێـت بـڕۆم، هەروەهـا، کەسـانی تـر دێـن بـۆ دیدەنیـت، ئـەوە دەزانـم، وەختێکـی زۆر نەمـاوە، ماڵئـاوا.

کامپـۆس پاڵتۆکـەی دا بەشـانیدا، مۆنۆکلەکـەی[٩] خسـتە بـەر چـاوی ڕاسـتی، بـە ئاماژەیەکـی خێـرای دەسـت، سـڵاوی لێکـرد، دەرگاکـەی کـردەوە، کەمێـک وەسـتا و گەڕایـەوە: ماڵئـاوا فێرنانـدۆ، پاشـان چپانـدی: لەوانەیـە، نامەکانـی خۆشەویسـتی هەموویـان سـەخیف نەبـن. دوای ئـەوە دەرگاکـەی پێـوەدا.

***

٩ مۆنۆکل: چاویلکەی یەک چاو.

تەنها باسم لەو زەمەنە کردووە کە بەسەردەچێت

سەعات چەند بوو؟ پێسەوا هیچی نەدەزانی. ئایا شەو بوو؟ ئایا ڕۆژ ببووەوە؟ سستەرەکە هات و دەرزییەکی تری لێدا. ئیدی پێسەوا لەلای ڕاستیدا هەستی بە ئازار نەدەکرد. ئەو، ئا ئێستا، خۆی لە ئارامییەکی سەیردا دەبینییەوە، وەک ئەوەی تەم لەسەری نیشتبێت.

ئەوانی دیکە، بیری کردەوە، ئێستا ئەوانی دیکەش دێن. بە دڵنیاییەوە، حەزی دەکرد پێش ئەوەی بڕوات، سڵاویان لێ بکات. بەڵام دیدەنییەک هەیە غەمگینی دەکات، ئەویش بینینی کایرۆی مامۆستایەتی. چونکە کایرۆ لە (ریباتیخۆ)وە دێت و تەندروستیشی لاوازە. چۆن دێت بۆ لیشبۆنە، بڵێی بە ئەسپ و عەرەبانە بێت؟ ڕاستە کایرۆ مردووە، بەڵام هێشتا هەر زیندووە، ئەو بۆ ئەبەد لەو خانووە بچوکە سپیکاری کراوە بە گەچی (ریباتیخۆ) زیندوو دەمێنێتەوە، کە بە دوو چاوی بزەوە سەیری تێپەڕینی وەرزەکان و بارانی زستان و چلەی هاوینی دەکرد.

گوێی لە دەنگی دەرگا بوو، وتی: وەرە ژوورەوە.

ئەلبەرتۆ کایرۆ چاکەتێکی قەیفەی ملیوان فەروی لەبەردا بوو. ئەو پیاوێکی لادێیی بوو، ئەوەش بە جلوبەرگەکەیدا دیاربوو. سڵاو، ئەی مامۆستام، پێسەوا وای وت. سڵاوتان لێ بێت.

کایرۆ لە پێچکەی چەرپاکە نزیک بوەوە و قۆڵی گرت و وتی:
ئازیزم پێسەوا، هاتووم تا شتێکت پێ بڵێم، ڕێگەم پێدەدەیت دانپێدانانێکت بۆ بکەم؟

تکایە، پێسەوا وەڵامی دایەوە.

کایرۆ وتی: زۆر چاکە، کاتێک شەوان، مامۆستایەکی ون و نادیار، خەبەری دەکردیتەوە و شیعرەکانتی بۆ دەخوێندیتەوە تا بیاننووسیتەوە، کاتێک ئەو لە تۆدا و لە ڕۆحتدا دەدوا، بابزانیت، ئەو مامۆستایە من بووم، ئەوە من بووم، لە ئاسمانەوە، پەیوەندیم پێوە دەکردیت.

پێسەوا وتی: منیش هەر وام مەزەندە دەکرد، مامۆستای ئازیزم، وام گریمانە کردبوو ئەوە تۆ بیت.

کایرۆ وتی: لەبەرئەوە دەبێت ئێستا داوای لێ بووردنت لێ بکەم، چونکە من تووشی خەوزڕاندنێکی زۆرم کردیت، شەو لە دوای شەو خەوزڕاندن، کە نەخەوتیت تیایاندا، بەردەوام هەر دەتنووسی وەک ئەوەی مێشکت خرۆشابێت، هەست بە پەشیمانی دەکەم، چونکە من تووشی مەشەقەتی زۆرم کردیت، چونکە من ڕۆحتم سەرقاڵ کرد.

پێسەوا وەڵامی دایەوە: تۆ لە بەرهەمەکانمدا بەشدار بوویت، تۆ دەستمت دەجوڵاند و ئاڕاستەت دەکرد، ڕاستە تۆ بوویتە هۆی خەوزڕاندنم، بەڵام بۆ من شەوانێکی بە پیت بوون، چونکە بەرهەمی ئەدەبیم لە شەودا لەدایک بوو، بەرهەمی من بەرهەمێکی شەوانەیە.

کایرۆ چاکەتەکەی داکەند و لەسەر دەسکی چەرپاکە دانیا.

ئەمە تاکە شتێک نییە حەزدەکەم پێتی بڵێم، لەڕێگر لێوەوە وای وت، نهێنییەک هەیە حەزدەکەم بۆتی ئاشکرا بکەم، پێش

ئەوەی ماوەکان بەنێوان ئەستێرەکاندا لێکمان جیابکەنەوە، بەڵام نازانم چۆن ئەوەت پێ بڵێم.

پێسەوا وتی: سادە و ساکار پێم بڵێ، هەروەک چۆن شتێکی تر دەڵێیت.

کایرۆ وتی: زۆر باشە، من باوکتم.

بۆ ساتێک وەستا، بەدەست مووە کەمە ڕەشەکانی تەخت کرد، پاشان بەردەوام بوو:

ڕۆڵی باوکتم گێڕا، باوکی ڕاستەقینەت، جواکیم دو سیابرا پێسەوا، کاتێک هێشتا تۆ منداڵ بوویت، بە نەخۆشی سیل مرد. باشە، ئیدی من ڕۆڵی ئەوم بینی.

پێسەوا پێکەنی. وتی: ئەوەم دەزانی، هەمیشە وەک باوکم حسابم بۆ کردبوویت، تەنانەت لە خەونەکانیشمدا، تۆ هەمیشە باوکم بوویت، ئەی مامۆستام شتێک لەمەدا نییە تا سەرزەنشتی خۆتی لەسەر بکەیت، بەڵای منەوە باوک بوویت، ئەو باوکەی ژیانی ڕۆحیی پێ بەخشیم.

کایرۆ وەڵامی دایەوە: لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی سادە ژیام، ژیانم کورت بوو، کە بە هاوەڵیی پورێک لە خانوویەکی گوند بەڕێم کرد، تەنها باسم لەو زەمەنە کردووە بەسەردەچێت، لەبارەی وەرزەکان، لەبارەی مێگەلەوە.

بەڵێ، پێسەوا جەختی کرد، بەڵام تۆ بۆ من چاو و دەنگ بوویت، چاو بوویت وەسفت دەکرد و دەنگێکیش، هەر وەک میلاریبا یاخود سوکرات، کە موریدەکانی فێر دەکرد.

کایرۆ وتی: کەم تا زۆر من کەسێکم بێ ڕۆشنبیری، ژیانم زۆر ساکار بوو، جارێکی تر پێت دەڵێمەوە، تۆ، تۆ ژیانێکی چڕو پڕ

ژیایت، بە پێچەوانەی منەوە، تۆ ڕاڤەی پێشڕەوی ئەوروپیت[١٠] کرد، هەردوو ڕێبازی هەستەکی و یەکتربڕت[١١] داهێنا، هاتوچۆی چایخانە ئەدەبییەکانی پایتەختت کرد، لەکاتێکدا من شەوەکانم، دوای نانی شێو، بەیاری کاغەز لەبەردەم چرایەکی نەوتدا بەسەر دەبرد، ئیتر چۆن ڕێی تێدەچێت من بووبمە باوک و مامۆستات؟

پێسەوا وەڵامی دایەوە: ژیان زۆر سەختە، پێویستە هەرگیز پرسیار نەکەیت، هەرگیز باوەڕت نەبێت، هەموو شتێک شاراوەیە.

بەڵێ، کایرۆ دووبارەی کردەوە، بەڵام هەر سوورم، چۆن ڕێی تێدەچێت من بووبمە باوک و مامۆستات.

پێسەوا پاڵیدا بە سەرینەکەیەوە. بە زەحمەت هەناسەی دەدا، ژوورەکەش لەبەرچاوی دەسوڕایەوە. وەڵامی دایەوە:

ئازیزم کایرۆ، ئەوەت پێدەڵێم، لە ڕاستیدا، من پێویستم بە چاوساغێک و بە هەوێنێک هەبوو، نازانم ئەگەر باش گوزارشت دەکەم یا نا، بێ تۆ ژیانم وەک پارچەی ورد، پەرش و بڵاو دەبوەوە. بەهۆی تۆوە خۆم ڕاگرت، لە ڕاستیدا ئەوە من بووم، کە وەک باوک و مامۆستا هەڵی بژاردیت.

دەی، دیاریەکم بۆ هێناویت، کایرۆ وای وت، ئەویش چەند دێرە پەخشانێکە، کە هەرگیز بڵاویان ناکەمەوە، ئێستا، بەوپێیەی بەجێم دەهێڵیت، وا دەکەم بە دەمی پێتی بڵێم، ئەمەش شایەتیی لەسەر هەست و سۆزم لە بەرانبەر تۆدا دەدات.

کایرۆ کاغەزێکی بچوکی لە گیرفانی دەرهێنا، چونکە بینایی کز بوو، نزیکی کردەوە لە چاوی و خوێندییەوە: لە میانەی ئەم ساڵە

١٠ ڕێبازێکی ئەدەبی و شیعرییە. (و.ک)

١١ دوو قوتابخانەی ئەدەبیین، Sensationnismeو Intersectionnisme کە پێسەوا داهێنەریانە. (و.ک)

درێژانەدا، هەمیشە سەیری مانگم کرد، بەڵام بە نیگایەکی بێ گەرد، بە دوای کوڕەکەم و موریدەکەم کەوتم، تا نیگام بتوانێت نیگای ئەو بێت، تا ئەو گردەی ئاسۆم لێ دادەبڕێت، ببێتە ئاسۆیەکی متەوازع و سەرسوڕهێنەری ئەو.

پێسەوا وتی: شیعرێکی زۆر نایابە، سوپاست دەکەم ئەی مامۆستا کایرۆ، لەگەڵ خۆم هەڵی دەگرم بۆ ئاسمان.

پێشتر تۆش زۆر شیعرت لەبری من نووسی، ئەلبەرتۆ کایرۆ وای وت و درێژەی پێدا، هەروەها منیش دەمویست لە ڕێگای سڵاوی کەسێکەوە ستایشت بکەم، کە هەمیشە پێت سەرسام بووە.

بۆ ساتێک پێسەوا چاوی نوقاند، کاتێکیش کردنییەوە ژوورەکە چۆڵ بوو. زەنگەکەی لێدا تا سستەرەکە بانگ بکات.

پرسی: ئێمە لە چ ڕۆژێکداین؟

سستەرەکە وەڵامی دایەوە: شەوی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥ە، هیچت دەوێت.

پیسەوا وەڵامی دایەوە: نا، سوپاس، تەنها حەزدەکەم پشووبدەم.

***

۲۹ی تشرینی دووەمی ۱۹۳۵

له دووری چەند کیلۆمەتریٚك له لیشبۆنه

پێسەوا گوێی له دەنگی دەرگاکه بوو، وتی: وەره ژورەوه.
دەرگاکه کرایەوه، بەڵام هیچ کەسێک نەهاته ژوورەوه.
دەنگێکی لەرزۆک پرسی: دەتوانم بێمه ژوورەوه؟
پێسەوا وتی: تکایه، وەره ژوورێ.
پیاوێک لەناو دەرگاکه دەرکەوت و له دوای خۆیەوه دەرگاکەی بەهێواشی پێوەدا، پێسەوا نەیناسییەوه، پرسی: بێ زەحمەت، تۆ کێیت؟

پیاوەکه بەدەم هاتنه ژوورەوەوه وەڵامی دایەوه: من ڕێکاردۆ ڕەییسم، له بەرازیله ئەندێشه کراوەکەمەوه گەڕاومەتەوه.
پێسەوا وتی: سالانێکی زۆر تێپەڕیوه و یەکمان نەبینیوه، سالانێکی زۆر، بمبووره، بەڵام تۆ زۆر گۆڕاویت و نەمناسیتەوه.
ڕیکاردۆ ڕەییس کورسییەکی هەڵگرت و له چەرپاکەی نزیک کردەوه. وتی: بمبووره دادەنیشم، بەڵام بە کەشتییەکی بارهەڵگر هاتم و سەرەگێژەی دەریام هەیه و تووشی دڵ تێکەڵهاتن بووم و هەست ناکەم باش بم.
پێسەوا لێی پرسی: بەڵام له کوێ خۆت شاردبوەوه؟ له چ کونجێکی بەرازیل، تەنانەت سەرکەوتوو نەبووم لەوەی پەیوەندیت پێوەبکەم؟

ڕیکاردۆ ڕەییس فنی کرد و لوتی پاککردەوە.

ئازیزم پێسەوا، دەبێت ئیعترافێکت بۆ بکەم، چرپاندی، هەرگیز نەچووم بۆ بەرازیل، وام کرد هەمووان لەو باوەڕەدابن کە چووم، تەنانەت تۆش. لە ڕاستیدا، لێرە بووم لە پورتوگال، لە گوندێکی بچوک خۆم شاردبووەوە.

پێسەوا هەوڵیدا خۆی بەسەر پشتییەکاندا بدا و پرسی: ئەی لەکوێ بوویت؟

ڕیکاردۆ ڕەییس دەنگی نزم کردەوە، وەک ئەوەی جگە لە پێسەوا، کەسێکی تر گوێی لێ بێت.

لە ئازیتاو، ڕیکاردۆ چرپاندی، لە ئازیتاو بووم.

پێسەوا وەڵامی دایەوە: ئازیتاو... ئازیتاو... ئەم ناوە لەلام شتێک دەگەیەنێت، ئەم ناوە جۆرە پەنیرێکم بیر دەخاتەوە.

ڕێکاردۆ بە شانازییەوە وتی: تەواو وایە، پەنیری ئازیتاو، (ڤیلا نۆگییرا دو ئازیتاو)، ئەوە گوندێکی بچوکە لە دووریی چەند کیلۆمەترێک لە لیشبۆنە، ڕێک دوای ڕووباری تاج، لەوێدا کە ئەلینتیجۆ دەست پێدەکات.

جارێکی تر ڕیکاردۆ ڕەییس فنی کردو کۆکی.

لەوێ خۆم شاردبووەوە، لە مووڵکێکی بچوک لای چەند هاوڕێیەک، هەموو ئەو ساڵانەم لە خانوویەکی گوندیدا بەسەر برد، لەبەردەم خانوەکەشدا دارتوویەکی بە تەمەن هەبوو، لەژێریدا هەموو سروودە مەزنەکان و شیعرەکانمم لەسەر شێوازی هۆراس نووسی.

پێسەوا پرسی: ئەی چیت دەکرد تا بژیت، لە کوێ کارت دەکرد؟

ریکاردۆ ڕەییس وەڵامی دایەوە:

ئۆهۆو، کارەکە بۆ پزیشکێک ئاسانە تا بژی، ئەوەندەی بەسە

کاری پیشەکەی خۆی بکات، منیش پزیشکی گوندەکە بووم، لە هەموو ناوچەی (لاسبیرادا ئەرابیدا) نەخۆشم هەبوو.

پێسەوا پرسی: ئەی بەناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە کارت دەکرد؟

ریکاردۆ جەختی کرد، بە دڵنییاییەوە، ڕەچەتەیەکم هەبوو لێی نووسرابوو (ڕیکاردۆ ڕەییس- پزیشک)، هەرچۆن هەموو گوندەکەش ناویان دەزانیم.

پێسەوا وتی: لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنگری پادشایی بوویت، دژی کۆمار بوویت، هەر لەبەرئەوە بوو وتم تۆ بۆ بەرازیل کۆچ دەکەیت.

ڕیکاردۆ ڕەییس پێکەنی، پێکەنینێکی شەرمن و شڵەژاوانە. وەڵامی دایەوە: دەزانیت، کارەکە گاڵتەیەک بوو، بەڵامەوە گونجاو بوو شاعیرێکی هەستەکی و کلاسیکیی نوێ، هەرگیز کۆماری خۆش نەوێت، هەرچۆن زبریی کۆماریخوازانی خۆش ناوێت. هەمیشە ئاواتەخوازی قەیسەرێک، ئیمپراتۆرێکی مەزنی وەک مارک ئۆریل بووم، شایەنی گەواهیدانی شیعرەکانم بێت. لەناو کۆماریخوازەکاندا کەسێک نەبوو شایەنی بێت، ئەوان خەڵکانێکی قانیع بوون و جگە لە ئۆگست کۆنت، کەسی تریان نەخوێندبووەوە، ئیدی چۆن هۆراس و پیندار[١٢] دەنرخێنن؟

لێت تێدەگەم، پێسەوا بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە وای وت.

بێدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا. گوێیان لە دەنگی پێیەک بوو لە ڕاڕەوەکەدا، بەوەی کەسێک بە بەردەم ژوورەکەدا تێپەڕی، بەڵام کەس بێزاری نەکردن. پێسەوا وتی: دوای ئەوە؟

ڕیکاردۆ ڕەییس وەڵامی دایەوە: بەهەرحاڵ، ئیدی، حەزدەکەم

---

١٢ لەسەر شێوازی شاعیری یۆنانی پیندارۆس (٥٢٢پ.ز-٤٤٦پ.ز).

ئەوەت پێ بڵێم، من پێم خۆشە نهێنی خۆمت بۆ ئاشکرا بکەم، تۆ دەزانیت، من ژیانێکی ڕەواقیانە[١٣] ژیام، تەنانەت هەرچەندە لە ئازیتاو بووم.

پێسەوا بە ڕەقی وەڵامی دایەوە: ئێمە لە هەر کوێ بین، دەتوانین ژیانێکی ڕەواقیانە بژین.

ڕیکاردۆ ڕەییس وتی: من تاجە گوڵینە دەهۆنمەوە.

پێسەوا پرسی: ئەوە یانی چییە؟

ڕیکاردۆ ڕەییس وەڵامی دایەوە:

واتا، من لە هەموو شیعرەکانمدا، تاجە گوڵینەم بۆ (نایری)، بۆ (لیدیا) چنیوە، ئێستاش بۆ گەشتەکەی تۆ، تاجە گوڵینە دەچنم، لەپێناو ئەو ساتەدا کە تێیدا دەگەڕێینەوە و بەیەک دەگەینەوە، دوای ئەوەی (ستیکس)ی بەستوو[١٤] دەبڕین.

پێسەوا وتی: ڕیکاردۆی ئازیز من تاجە گوڵینە نموونەییەکەت قبوڵ دەکەم. تکات لێدەکەم، هەر بەردەوام بە لە ژیان لە گوندەکەت و تەنانەت بەبێ منیش هەمیشە سرووەدە پیندارییەکانت بنووسە، من خۆشحاڵم کە نهێنییەکەی خۆتت بۆ ئاشکرا کردم، بەڵام، باوەڕ بکە، هەمیشە ئەوەم زانی بوو.

بەڕاست؟ ڕیکاردۆ ڕەییس بە سەرسوڕمانەوە پرسی.

پێسەوا وەڵامی دایەوە: بەڵێ، بەڕاست، هەرگیز نەهاتم بۆ

---

١٣ قوتابخانەیەکی فەلسەفییەو زینونی ڕەواقی (٣٣٣-٢٦٤)پ.ز دامەزرێنەرییەتیو فەزیلەتو لۆژیکو یاسا سروشتییەکان، لە بنەما سەرەکییەکانیەتی. (و.ک)

١٤ لە ئەفسانەی گریکیدا، کاتێک کەسێک دەمرێت، ڕۆحەکەی دەچێت بۆ هادس (جیهانی خوارەوە)، لەم جیهانەشدا دەبێت ڕووباری مەرگ ببڕێت، کە پێی دەوترێت ڕووباری ستیکس هەربۆیە کەسوکاری مردووەکە پارەیەکیان لەگەڵیدا دەناشت، تا بیدات بە چارۆن، کە بە بەلەم مردوو دەگوازێتەوە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە. (و.ک)

سەردانیت لە ئازیتاو، چونکە بە ڕاستی، هەرگیز لیشبۆنەم جێ نەهێشتووە، چونکە بە ڕاستی هەرگیز حەزم لە سەفەر نەبووە، بەڵام هەمیشە دەمزانی تۆ لێرە دەژیت، لەم نزیکانە، ئەمەش هاوڕێیەک جەختی لێ کردەوە بۆم، کە شتگەلێکی پڕ لە سۆز لەبارەی شیعرەکانمەوە دەنووسێت.

ڕیکاردۆ ڕەییس هەستا، وتی: کەواتە ئیدی دەتوانم مۆڵەت وەربگرم و بۆ خۆم بڕۆم بە لایەکدا.

پێسەوا وەڵامی دایەوە:

هەروەها منیش، بۆ خۆم دەستخۆشیت لێ دەکەم و سەرکەوتوویت، هەربژین و داوات لێدەکەم هەر شیعر بنووسیت، تەنانەت کاتێک کە من لێرەش نابم.

بەڵام ئەوانە شیعرێکی ساختە دەبن. ڕیکاردۆ ڕەییس وەڵامی دایەوە.

پێسەوا وتی: ئەوە گرنگ نییە، هەرگیز شیعرە ساختەکان زیان بە شیعر ناگەیەنن، بەرهەمەکانم زۆر زۆرن، با شیعرە ساختەکانیشی قبوڵ بکرێن، ئازیزم ڕیکاردۆ ڕەییس مالئاوا، دەگەڕێینەوە، لەودیو ڕووبارە ڕەشەکەوە بەیەک دەگەینەوە، کە دەوری (ئەفێرنۆ)[١٥]ی داوە.

پێسەوا سەری بەسەر سەرینەکەدا شۆڕکردەوە و بۆ ساتێک یاخود بۆ چەند کاتژمێرێک نووست، نەیدەزانی ئەوە دیاری بکات.

***

١٥ ئەفێرنۆ: چاڵێکە نزیک کیوماس، کامپانیا بەپێی ئەفسانە ڕۆمانییەکان دەروازەی جیهانی خوارەوەیە. لە ئیسپانیو پورتوگالیدا بەمانای دۆزەخ دێت. (و.ک)

ڕەچەتەی ڕۆبیانی عەرەقکردوو

پێسەوا لە خەو هەستا، گڵۆپی (ئەباجۆر)[16]ە بچوکەکەی داگیرساندو لەسەر دۆڵابەکە بەدوای سەعاتەکەی دەستیدا گەڕا. کاتژمێرەکە ئاماژەی بۆ سێ دەکرد، بەڵام کاتژمێرەکە نووستبوو. پێسەوا تێبینی کرد هەستکردن بە زەمەنی ونکردووە، بیری کردەوە زەنگ لێ بدات، بەڵام لەوە پەشیمان بوەوە، چونکە هەر لەوکاتەدا گوێی لە دەنگی دەرگا بوو.

دەنگێک پرسی: ئاغای پێسەوا دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

پێسەوا ڕێگای هاتنە ژوورەوەی پێدا، پیاوێک هاتە پێشەوە، کە سینییەکی پێ بوو، لەناو دەرگاکەدا کەمێک وەستا، بەڵام پێسەوا، بەبێ چاویلکە و لە تاریکیی ژورەکەدا، نەیناسییەوە.

پێسەوا پرسی: تۆ کێیت؟

من هاوڕێتم، بێرناردۆ سواریس، وەڵامی دایەوە. کە زانیم لە نەخۆشخانەیت، ڕێگەم بەخۆمدا بێم بۆ سەردانییت.

بێرناردۆ سواریس لە چەرپاکە نزیک بوەوە و سینییەکەی خستە سەر دۆڵابەکە. وتی:

---

١٦ وشەیەکی فەرەنسییەو بەو گڵۆپە بچوکە دەوترێت، بۆ نمونە لەسەر کۆمەدی، لە تەنیشت سیسەمی خەوەوە یاخود لەسەر مێز دادەنرێتو بۆ خوێندنەوە بەکاردەهێنرێت، لای خۆمان (تەیبڵ لامپ)ی پێ دەوترێت. (و.ک)

نانی ئێوارەم بۆ هێنایت، لەو چێشتخانەیەوە هێناومە، کە هەمیشە تێیدا یەکمان دەبینی. لەو باوەڕەدابووم دەشێ هەر وەک ڕۆژە جوانەکانی ڕابردوو، ئارەزوت لە نانی شێو بێت، ڕێگەشم بەخۆمدا خۆم ژەمی ئێوارەت بۆ هەڵبژێرم.

پێسەوا وەڵامی دایەوە: لە ڕاستیدا، زۆر برسیم نییە، بەڵام تا هەست بە ئاسودەیی بکەیت، شتێک دەخۆم. چیت هێناوە؟

با هەستیت، سینییەکە دەخەمە بەردەمت، بێرناردۆ سواریس وەڵامی دایەوە، خواردنێکی باوی مەتبەخەکەمانە[17]، ژەمی سادەن، بە تامن.

پێسەوا هەستا، ئەو دەسماڵە پاکەی لە ملییەوە ئاڵاند، کە بێرناردۆ سواریس پێیدا، ئەو سەرقاپە کانزاییانەی لادا کە خواردنەکانی داپۆشی بوو.

بێرناردۆ سواریس وتی: ئەوە قاپێک (کالدۆفێردی)یە، هەریسە دڵپەسەندەکەتە، من دڵنییام حەزت لێی دەبێت، پاشان ئەوە دەوریەک ورگە بە شێوازی خەڵکی پۆرتۆ لێنراوە، ئەمەم بۆ هێناویت، چونکە ڕۆژێکییان بە ساردی دایان پێت، وەک خۆشەویستییەکی ساردو سڕ، ئەوەشت لە یەکێک لە شیعرەکانتدا نووسی، بەڵام من حەزدەکەم بە گەرمی تامی بکەیت، سەیرکە، هێشتا هەڵمی لێ هەڵدەستێت، هەر ئێستا لە فڕن هاتۆتە دەرەوە.

پێسەوا پێکەنی. وتی:

گرفتی جگەرم هەیە، لەوانەیە دەوریە ورگەکە گونجاو نەبێت بۆم، بەڵام، بۆئەوەی دڵخۆشت بکەم، کەمێکی لێ دەخۆم، هێشتا لە بیرمە بەساردی دایانمێ، ئازیزم سواریس، بەڵام دەزانیت، لەو

---

١٧ دیارە مەبەستی مەتبەخی پورتوگالییە. (و.ک)

ساتەدا، من خۆم نەبووم، بەڵکو ئەلفارۆ دو کامپۆس جێگای گرتبوومەوە.

پێسەوا هەریسەکەی بە پەلە تەواوکردو پارچەیەکی بچوکیشی لە ورگە- گاکە تام کرد. وتی:

بەتامە، بەڵام تکات لێدەکەم ئاغای سواریس، تۆ بیخۆ، من دڵنیام ئەمڕۆ نانی نیوەڕۆت نەخواردووە.

لە ڕاستیدا، هیچ نانی نیوەڕۆم نەخواردووە، بێرناردۆ سواریس وەڵامی دایەوە، نەمدەتوانی خۆشیی پارە دانی دوو ژەمە خۆراک بە خۆم ڕەوا ببینم، تەنها پارەی ژەمەکەی تۆمدا، هەربۆیە لەبەر خاتری تۆ دەیخۆم.

بێرناردۆ سواریس سینییەکەی خستە بەردەمی خۆی و ورگەکانی لووشدا. وتی:

ئەمە وام لێدەکات تاسەی ئەو شەوانە بکەم، پێکەوە لە چێشتخانەی پێسەوا شێومان دەخوارد، من دڵنیام تۆ ئەو چێشتخانەیەت بۆیە هەڵبژاردبوو، چونکە بە ناوی خۆتەوە بوو، لە ڕاستیدا، چێشتخانەیەکی خاکی بوو، کە هەرگیز کەسانی وەک تۆ، ناچن بۆی.

پێسەوا بەڕەچی دایەوە: ئەوە ڕاست نییە، من چێشتخانە خاکییەکانم خۆشدەوێت، من هەمیشە ژیانێکی خاکی ژیاوم، بەڕاست پێم بڵێ، هێشتا بیر لە سەمەرقەند دەکەیتەوە؟

بێرناردۆ سواریس وتی: کەمێک فێری زمانی ئۆزبەکی بووم، ئاوا، بۆ بێ تاقەتی خۆم، تەنانەت ئەگەر نەشتوانم بچم بۆ سەمەرقەند، بەڵام بەراستی زانینی زمانی ئەو ناوچەیە، وام لێدەکات هەست بکەم نزیکم لەو شارەی بە درێژایی تەمەنم، خەونم پێوە بینیوە.

ئەی ئاغای فاسکیسی خاوەن کارەکەت؟ پێسەوا پرسی.

ئاە! بێرناردۆ سواریس وەڵامی دایەوە، ئەو پیاوێکی ئازایە، ئەو پیاوێکە بێ میتافیزیکا، وەک تۆ دەتوت، بەڵام پیاوێکی میهرەبانە تا ئەوەی ڤێلاکەی دامێ هەفتەیەک مۆڵەتم تیا بەسەر برد.

دەی ئەمە لە کوێ؟ پێسەوا پرسی.

بێرناردۆ وەڵامی دایەوە: لە کاسییە، لەسەر ئەو ڕێگایەیە کە دەچێتەوە گینشۆ.

کاسییە، پێسەوا وای وت، کاسییە، ئای لەو شوێنە جوانە، هەروەها منیش، چەند ڕۆژێکم لەوێ بەسەر بردووە، زیاتر لە دوو هەفتە نەدەبوو، ئەمە یەکەم جارە لەبارەی ئەوەوە بۆ کەسێک بدوێم، بە خۆشحاڵییەوە دانپێدانانێکت بۆ دەکەم، تۆ ئەی هاوڕێم، ئەی سواریسی ئازیز، من چووم بۆ ئەوێ تا لە کلینکی کاسییەی دەروون پشکنینم بۆ بکرێت. لەوێ ئەنتۆنیۆ مورام ناسی —فەیلەسوفە پانینیزم[18] —ەکە، دەبێ ئەوەش بڵێم من لەو شارە بچوکەدا، ڕۆژە هەرە ئارامەکانی ژیانمم بەسەر برد، چونکە شەپۆلێکی ڕەش پەکیخستم و هەڵیگرتم و تەنها حەزم بە مردن دەکرد، بەڵام ئەنتۆنیۆ مورام ناسی کە متمانەکردن بە سروشتی دامێ.

ئەنتۆنیۆ مورا؟ بێرناردۆ سواریس پرسیاری کرد، هەرگیز لەبارەیەوە قسەت بۆ نەکردووم، حەزدەکەم شتێکی لەبارەوە بزانم.

پێسەوا وتی: زۆر باشە، ئەنتۆنیۆ مورا شێتە، لانی کەم،

---

۱۸ Panentheism: واتا «گشت لە خودادا»، باوەڕدارانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە خودا لە هەموو شوێنێکی گەردوونی مادییدا بوونی هەیەو بەشێکە لێی و خالقییەتی و وزەشێتی. پەیوەندی بە ڕێبازی (وحدة الوجود)هوە هەیە.

ئەو شێتێکی فەرمییە، بەڵام شێتێکی عەقڵ ڕوونە، زۆر بیری لە بتپەرستی[١٩] و مەسیحیەت کردەوە، دەتوانم پێت بڵێم ئەو جلێکی لەبەر دەکرد هەر بەوەی دەکرد کە ڕۆمانییە کۆنەکان لەبەریان دەکرد، پۆشاکێکی سپی دەگەیشتە سەر پێیەکانی، هەروەها نەعلێکی لەسەر شێوازی کۆن لە پێ دەکرد، کەم دوو بوو، بەڵام قسەی لەگەڵ من کرد.

بێرناردۆ سواریس پرسی: ئەی چی پێ وتیت؟

زۆر شتی پێوتم، پێسەوا وەڵامی دایەوە، پێی وتم، لە سەرەتادا، خواوەندەکان دەگەڕێنەوە، چونکە ئەم چیرۆکی یەک ڕۆحە و چیرۆکی یەک خودایە، هیچ نین جگە لە شتێکی تێپەڕ و لەماوەیەکی کورتدا، کۆتاییان دێت، کاتێکیش خواوەندەکان دەگەڕێنەوە ئەم یەکانەییەی ڕۆح لە دەست دەدەین، ئیدی ڕۆحمان لە توانایدا دەبێت سەرلەنوێ ببێتەوە بە فرە، هەرچۆن سروشت ئارەزووی لەوەیە.

بێرناردۆ سواریس بەدەم گۆڕینی بابەتەکەوە وتی: ئازیزم پێسەوا، دەزانیت لەم ساڵەی دواییدا زۆرم بەدەست بێ خەوییەوە چەشت. لە هەموو بەیانییەکیش، لە کازیوەدا، لەبەردەم پەنجەرەکەمدا دەوەستام و چاودێریی پلەبەندیی ڕەنگم دەکرد بەسەر شارەکەوە، زۆرجار وەسفی کازیوەم کردووە بەسەر لیشبۆنەوە، شانازیش بەوەوە دەکەم، ئاستەمە نووسین لەبارەی ڕەنگ کردنی ڕووناکییەوە بەڵام من لەو باوەڕەدام سەرکەوتووبووم، تابلۆگەلێکم بە وشە کێشا.

هەرچۆن هۆبکنز وای کرد، پێسەوا پرسی.

بەڵێ، بێرناردۆ سواریس وەڵامی دایەوە، بەڵام بیرۆکەکەم دوای

١٩ Paganism: بەگشتی کۆمەڵێک باوەڕی ئاینی‌و ڕۆحییەو سروشت یاخود فرە خواوەند دەپەرستێت، (بت پەرستی).

خوێندنەوەی یاداشتە ڕۆژانەییەکانی کیتس بۆ هات، پاشان تیۆرەی ڕوسکین[٢٠] لەبارەی (جیهانی- ڕەنگکراو)[٢١]ەوە و هیچ ڕێکەوتیش نەبووە ئەگەر لە دەرئەنجامدا ڕوسکین بووبێتە سوارچاکی تورنەر[٢٢]، منیش وشەکانم بۆ تابلۆ کێشان وا بەکارهێنا وەک ئەوەی فڵچەبن، ڕەنگکراوەکەشم کازیوە و زەردەپەڕی لیشبۆنە بوو.

پێسەوا وتی خۆرئاوابوونیش لە کاسییە شتێکی جوانە.

بە دروستی ئەمە ئەو شتە بوو حەزم دەکرد لەبارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەم، بێرناردۆ سواریس درێژەی پێدا، لە کاسییە، بە ئەزمونێکی جوانیناسی هەستام و لەناو کتێبی (کتێبی نائارامی)شدا دامنا.

پێسەوا وتی لەو بارەیەوە بۆم بدوێ.

بێرناردۆ سواریس وتی زۆر باشە، لە ڕاستیدا خاوەن کارەکەم، ئاغای فاسکیس، ڤێلایەکی لە کەنار دەریا بە دەست بوو، کە کۆمپانیاکەی (لافاسکیس و مۆدیکا) دەیدایە، بەو شێوەیە، لوتفی لەگەڵمدا نواند، بەوەی ڕێگای پێدام چەند ڕۆژێکی تێدا بەسەر بەرم، تەنانەت ڕێگای بە شۆفێرەکەیدا هاوەڵیم بکات، بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەتەنیا لە ڤێلایەکدا ژیام کە لە سی ژوور پێکهاتبوو، وای! کە شتێکی جوان بوو.

پێسەوا پێداگیری کرد: بە وردی هەموو شتێکم پێ بڵێ.

---

٢٠ جۆن ڕوسکین (١٨١٩-١٩٠٠) ڕەخنەگری هونەری، نووسەر و شاعیری ئینگلیز. (و.ک)

٢١ لە ئیسپانییەکەدا word-painting. (و.ک)

٢٢ ولیەم تورنەر (١٧٧٥- ١٨٥١) وێنەکێشی ئینگلیز، کە گرنگی بە ڕووناکی دەداو وەک بابەتی وێنەکێشان سەیری دەکرد، جۆن ڕوسکین لە ٢٤ ساڵیدا زۆر لەسەر تورنەری دەنوسیو بەرگری لە هونەرەکەی دەکرد تا مەزنییەکەی بسەلمێنێت. خەڵاتێک هەیە بەناوی تورنەرەوە لە بەریتانیا. (و.ک)

بێرناردۆ سواریس وتی: بەیانییەکی خۆرەتاو ڕۆشتین، کەش و هەوا سارد بوو، بەڵام ڕۆژێکی خۆش بوو. سیباستیۆشم لەگەڵ خۆم برد، تووتی کرێکاری خەڵوزەکە، کە لە سەرەتای شەقامەکە دەژی، تۆ دەیناسیت، ئەو توتییەک بوو دەیزانی چەند وشەیەک بڵێت، تەنانەت ڕستەی تەواویش. لەو باوەڕەدا بووم دەتوانێت هاوڕێیەتیم بکات. لەوێ، لە خانووەکە، بالکۆنێکی نایاب هەبوو بەسەر زەریاکەدا دەڕوانی، کە شوێنی هەڵنیشتنەکەی سیباستیۆی لێ هەڵواسرابوو، بەڵام من زنجیرەکەیم کردەوە، لێی گەڕام بای باڵی خۆی بدات و ئازاد بێت. بە ڕۆژ دەچوو لەسەر درەختەکانی باخچەکە هەڵدەنیشت و لە خۆرئاوابوونداوە دەگەڕایەوە سەر شوێنی هەڵنیشتنەکەی خۆی. ئەمەش دروست کاتێک ڕووی دەدا، کە لە بالکۆنەکە بە وشە هەندێک لە دێڕە شیعرەکانتم وێنە دەکێشا، دێڕە سەرەتاکانی شیعری (دوکانی تووتن): «من هیچ نیم و هەرگیز ناشبم بە هیچ/ ناشتوانم تەمەناکەم شتێک بم...».

تووتیەکە دەستبەجێ شیعرەکەی لەبەر کرد، ئیدی ئاوا شەومان دەگوزەراند، من وەسفی خۆرئاوابوونم لەسەر بەرد و بەسەر زەریاوە دەکردو دەمووت: سیباستیۆ، دەی. ئەو بەیتەکانی (دوکانی تووتن)ی دەوتەوە، لەکاتێکدا من وەسفی ڕووناکیی پەمەیی کاڵ و هەورە وەنەوشەییەکانم لە ئاسۆدا دەکرد، لەو کاتەی ئارەزوو دەیخواست.

پێسەوا وتی: مایەی پێکەنینە، من لەپێناو مرۆڤی ئەم جیهانەدا نووسیم، کەچی تەنها تووتییەک دەزانێ دێڕە شیعرەکانم بڵێتەوە.

بێرناردۆ سواریس وەڵامی دایەوە: وا مەڵێ، ڕۆژێک دێت، هەموو ئەو مرۆڤانەی خاوەن دەروونێکی گەورەن، بە شیعرەکانت ئاشنا بن، لە غەیبەوە و لە هەموو زمانەکانیشدا، دەزانیت، سیباستیۆ

ڕۆحێکی مرۆڤانەی هەیە، ئەو تووتی نییە، ئەو سروشی خواوەندە، من دڵنیام لە ناوەوەیدا ڕۆحێکی دەلفی[٢٣] دەژی، ئەو پێشبینی داهاتوو دەکات، هەست بەوە دەکەم.

پێسەوا پرسی: دوای ئەوە؟

دوای ئەوە، دەبێ ئەوە بڵێم ڕۆژانێکی زۆر جوان بوون. بەڵام کارەکەش لەناو ڤێلاکەدا ئاسان نەبوو، چونکە گەرم نەبوو، سەرباری ئەوەش جگە لە چرای نەوت هیچی ترم لەلا نەبوو، لە ئێوارەشدا، بەتایبەت لە ئێوارەدا، هەستم زۆر بە خەمۆکی دەکرد. بەڵام لەگەڵ کەسێکی میهرەباندا بووم بە هاوڕێ، ئەویش ئاغای دۆن پێدرۆکاسییە. ئەو پیاوێکی ڕەبەنە و وەک بەڕێوەبەری بانک کاردەکات، ئەو کەسێک بوو دەیتوانی لەبارەی زۆر بابەتەوە لەگەڵتدا بدوێت، بەشێوەیەکی تایبەت، حەزیشی لە زۆرانبازیی گایە لەسەر شێوازی پورتوگالی. لەگەڵ خۆشیدا بۆ بینینی خولێک بردمی.

یەکەمجار. ڕەتم کردەوە چونکە دەترسام نمایشێکی خوێناوی ببینم، بەڵام ڕام گۆڕی، چونکە نمایشەکە هیچ خوێناوی نەبوو، گاکەیان نەکووشت، تۆ ئەوە دەزانیت، پێسەوای ئازیز، زۆرانبازی گایەکە جوڵەیەکی ڕەمزیی بەدەستی دەکات، دوای ئەوەی بە سەما ئاژەڵەکەی گێژ کردووە، لەو ساتەدا، مێگەلێک مانگا دێنە ناو مەیدانی یارییەکەوە، ئیدی گاکەش تەکیان دەکەوێت و لەگەڵیان دەڕوات. بەڵام دەبێت تۆ شیک پۆشیی سواڕە کەشخەکان ببینیت بەو پۆشاکانەیانەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی هەژدە، زینی ئەسپەکان و گوریسەکانیان بە دەوری گاکەوە، سەرئەنجام،

---

٢٣ عەرافێکە لە پەرستگای دەلف، بەناوی ئەپۆلۆنەوە پەرجوو دەکات.

نمایشێکە بیر ناچێتەوە، بەڵام من نامەوێت وەڕست بکەم.

پێسەوا داوای کرد: دەی شتێکی تریشم بۆ باس بکە.

بێرناردۆ سواریس وتی: زۆر باشە، ئێوارەیەک، ئاغای دۆن پێدرۆ بانگهێشتی کردم بۆ ئێوارە خوانێک. خۆی هات تا بە ئۆتۆمبێلەکەی بمبات. ئۆتۆمبێلێکی شۆفەرلێتی ڕەشی هەیە، هەموو پارچەکانی کانزای بە (کرۆم) ڕووپۆش کراون، ئەو ئۆتۆمبیلە هەر لەوە دەچێت کە ئەلفارۆ دو کامپۆس بەکاری دەهێنا تا بچێت بۆ ڕێگای سێنترا. ئەو ئێوارەیە، ڕەشەبا بوو، لقی درەختەکانی ناو باخچەکە بەیەکیاندا دەکێشا و منیش جلی ڕۆژی یەک شەممووانم لەبەر کردبوو، لەکاتێکدا ئاغای دۆن پێدرۆ چاکەتێکی ئینگلیزیی لەبەر کردبوو، پێی وتم: دەتبەم بۆ باشترین چێشتخانە لە کاسییە، کە لە بالکۆنەکەیەوە، دەتوانیت بەسەر هەموو گوندەکەدا بڕوانیت، ئاواش، دەتوانیت وەسفی هەموو کەنداوەکە بە هەموو ڕووناکییەکانییەوە و هەروەها هەموو بەلەمی ماسیگرەکانیش بکەیت. پێسەوای ئازیز، باوەڕم پێ بکە، چێشتخانەکە زۆر دانسقە بوو، لە ژیانمدا شتی وام نەبینیبوو. کاتێک گەشتین، سەرۆک گارسۆنەکان پێشوازیی لێ کردین و شەمپانیای ئەسڵیی فەرەنسی و گوێچکەماسی پێشکەش کردین، ئازیزم پێسەوا، تۆ دەزانیت، من هەرگیز لە ژیانمدا، گوێچکە ماسیم نەخواردوە. بەڵام تۆ، با، تۆ خواردووتە، لەوانەیە لە (تافاریس) یاخود لە (لا برازیلییرا دو کیادۆ) خواردبێتت، شتێکی بەتامە، دەوترێت ئێمە لە ڕێگای ئەوەوە دەریا دەمژین، تەنانەت من بیرم لە نووسینی دەقێکی کورت لەبارەی تام و بۆنەکەیەوە کردەوە، منێک کە جگە لەبارەی بینینەوە نەبێت نانووسم، پاشان ئاغای دۆن پێدرۆ بە سەرۆکی گارسۆنەکانی وت (لاگۆستا سۆیادا)مان

بۆ بێنە، بەڵام ئەمەی بە فەرەنسی وت، ڕۆبیانی عەرەق کردوو، لەسەر شێوازی خەڵکی پێنیش، با بشزانیت من هەرگیز لە ژیانمدا تامی تۆپکڵدارەکانم[٢٤] نەکردبوو، بەڵام ئاغای دۆن پێدرۆ باسی چۆنێتی شێوازی ئامادەکردنەکەی بۆ کردم و منیش دەمەوێت بۆت باس بکەم، ئیدی ئاوا، کاتێک باش دەبیت، خوشکەکەت دەتوانێت بۆت ئامادە بکات. پێویستت بە کەرە، سێ سەلک پیاز، تەماتە، کەمێک سیر، ڕۆن، شەرابی سپی، ئەگواردێنتی[٢٥] کۆن، ئەوەی کە زۆر حەزت لێیەتی، دوو پەرداخ لە پۆرتۆی وشک، تۆزێک بیبەر، داودەرمان و گوێز دەبێت. سەرەتا، دەبێت ڕۆبیانەکە بە هەڵم بکوڵێنیت -نیوە کوڵاو- . پاشان ئەو داودەرمانانەی تێدەکەیت کە بۆم باس کردیت، پاشان دەیخەیتە فڕنەوە. بەڵام بۆ پێی دەوترێت عارەقکردوو، ئەوا من نازانم، لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە چەوریپەکی کەمی خۆش مەزە دەردەکات. ڕاوچییەکانمان لە پێنیش -کە خۆشخۆر و چڵێسن- بەم شێوەیە ئامادەی دەکەن، منیش پێشتر خواردنێکی خۆش و کەمی ئاوام نەخواردووە. دوای ئەوە، دۆن پێدرۆ پەرداخێک بۆرنۆی خۆش مەزەی دامێ و چووین تا لە بالکۆنەکە بیخۆینەوە. ڕووناکییەکانی کەنداوی کاسییە لە ژێرمانەوە بوون. ئای پێسەوای ئازیز، ئەوە چەند جوان بوو. ئاغای دۆن پێدرۆ باسی گەشتەکانی خۆی کرد بۆ سیبیلییە، منیش باسی ئەو گەشتەم بۆ کرد کە هەمیشە خەونم پێوە بینیوە، بۆ سەمەرقەندی بکەم و پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد کتێبی فێربوونی زمانی ئۆزبەکیم لێ بخوازێت. بە ڕێز و خۆشەویستییەوە

٢٤ ئەو ئاژەڵانەی ئێسکە پەیکەریان نییەو ڕووی دەرەوەیان بەرگێکی ڕەقی هەیە، وەک قڕژاڵو ڕۆبیانو زیندەوەری سەدەفی.

٢٥ جۆرە خواردنەوەیەکی کحولییە. (و.ک)

بـۆم پێکەنـی و وتـی: سـەمەرقەند! بیرۆکەیەکـی چەنـد نایابـە، ئاغـای بێرناردۆ سـواریس، بـەڵام مـن هەرگیـز نیـوە دوورگـەی ئیبریا[٢٦] جێناهێڵـم، ئـەو تـۆزەی لـە زمانـی ئیسـپانی دەیزانـم، کەمێکیـش لـە زمانـی ئینگلیـزی، کاتێـک هاوڕێکانـم لـە لەندەنـەوە دێـن و دەیانبـەم بـۆ یـاری بلیـارد لـە (لاکازا دو ئەلیینتیخـۆ) لـە لیشبۆنە، بەشـم دەکـەن. کتوپـڕ ڕووناکیـی سـەر باخچەکـە، کـە دەکەوتـە کەنـاری دەریاکـەوە، کۆژایـەوە. لـە کەنداوەکـەش، جگـە لـە چەنـد ڕووناکییەکـی کـز، کـە ڕووناکـی بەلەمـی ماسـیگرەکان بـوون، هیـچ نەمـا، ئاغـای دۆن پێـدرۆ پێـی وتـم: بەڕێـز بێرنـاردۆ سـواریس دەتگەیەنمـەوە بـۆ ماڵـەوە. لـە ڕێگاش، باسـی هەڵهاتنـی خـۆر و ئاوابوونیـم کـرد. هەسـتم بـە خۆشـی کـردو بیـرم کـردەوە: فەسـڵێکی خـۆش لـە پێنـاو ڕۆژە ناخۆشـەکانم بنووسـم. ئاغـای دۆن پێـدرۆ هـەر سـەنگین مایـەوە و زۆربڵێییەکەمـی پـێ نەدەبڕیـم. لای درەختـە چەماوەکانـی باخچەکـە بـەدەم بـاوە، دابەزیـم و پێمـوت: سـوپاس ئاغـای دۆن پێـدرۆ، یەکێـک لـە خۆشـترین شـەوەکانم لـە ژیانـدا بەسـەر بـرد. ئەویـش پێـی وتـم: مـن دەبێـت سوپاسـت بکـەم، بێرنـاردۆ سواریسـی ئازیـز، شـەرەفێکی گەورەیـە بـۆ مـن کـە یەکێـک بـم لـەو یەکەمینانـەی یاداشـتە ڕۆژانەییەکانـت دەخوینـنـەوە، هەرگیـز بیریشـت نەچێـت مـن زۆر سەرسـامم بـە فێرناندۆ پێسـەوا، ئەمـەی پـێ بڵـێ، چونکـە ئـەو خـۆی نیشانی کـەس نـادات و مەحاڵـە منیـش بتوانـم ئەمـەی پـێ بڵێـم هەربۆیـە بـە تـۆی دەڵێـم، ئـەی فێرنانـدۆ پێسـەوای ئازیـزم، مـن سـڵاو و سەرسـامیی ئاغـای دۆن پێـدرۆم بـۆ هێناویـت.

فێرناندۆ پێسەوا بە پێکەنینێکی ماندوانەوە، وتی: سوپاس.

---

٢٦ نیوە دوورگەی ئیبریا: بە پورتوگاڵو ئیسپانیا دەوترێت. (و.ک)

فێرناندۆ پێسەوا جارێکی تر دەسماڵەکەی خستەوە سەر سنگی.
بێرناردۆ سواریس وتی: ئاغای پێسەوا، دەترسم ئا بەم هەموو زۆربڵێییانەم ماندووم کردبیت، بمبووره، لەوانەیە بێزارم کردبیت.
هەرگیز، پێسەوا بە لاوازییەوە وەڵامی دایەوە، قسەکردنم لەگەڵ تۆ خۆش بوو، بەڵام لەو باوەڕەدام میوانی دیکەم بێت. سواریسی ئازیز، سەردانیی کەسێک کە لەم ڕۆژانەی دواییدا کەمێک پشتگوێم خستبوو. بۆ کتێبەکەت (کتێبی نائارامی) جوانترین هیوات بۆ دەخوازم.

***

۳۰ی تشرینی دووەمی ۱۹۳۵

منیش مردنم بیرچووەوە

ئەو پیاوەی هاتە ژوورەوە پیرێکی سەروسیما خانەدان بوو، ڕیشێکی زۆر سپی هەبوو، جلێکی ڕۆمانی لەبەردا بوو تا سەر پێیەکانی هاتبوو، ئەویش هەر سپی بوو.

سڵاو، ئەی هاوڕێ، پیرەکە وای وت، من ڕێگە بە خۆم دەدەم بێمە خەونەکانتەوە.

پێسەوا گڵۆپی سەر دۆڵابەکە داگیرساند، سەیری پیاوە پیرەکەی کردو ناسییەوە: ئەنتۆنیۆ مۆرا بوو، ئاماژەی بۆ کرد نزیک بێتەوە.

مۆرا دەستی بەرز کردەوە و وتی: فلیپاسی فینیقی[27] -کە بەر لە پازدە ساڵ مرد- قیژەی نەورەس و شەپۆلی دەریا قوڵەکانی بیر چوەوە، تا نهێنی چارەنووسی تۆم پێبڵێت، ئەی فێرناندۆی مەزن. دەزانم ئاوی ئاشیرۆن[28] چاوەڕوانتە، پاشان تۆفانی گەردە تووڕەکان کە هەموو شتێک تیایاندا ون دەبێت و تیایاندا هەموو شتێک سەرلەنوێ دادەهێنرێتەوە، لەوانەیە تۆ بگەڕێیتەوە، وەک گوڵێک لە باخچەکانی لیشبۆنە کە لە ئەپریلدا چرۆ دەکات، یاخود لەوانەیە وەک بارانێک بەسەر جۆگا و دەریاچەکانی پورتوگالدا،

---

۲۷ لای فینیقییەکان وێنەکەی فرێدەدرایە دەریاوە، بۆ نوێ بوونەوەی ژیانو دەستپێکردنەوەی خولێکی تری ژیان. (و.ک)

۲۸ ڕووباری عەدەم لە هادس جیهانی خوارەوە یاخود دۆزەخ. (و.ک)

منیش، منیش پیاسه دەکەم و گوێم لە دەنگت دەبێت گەمارۆی با دەدات.

پێسەوا لەسەر ئانیشکی هەستا. ئێستا ئازاری لای ڕاستی نەماوە و لە ئێستاشدا هەست بەهیچ ناکات، جگە لە ماندوێتییەکی زۆر. لێی پرسی:

ئەی (گەڕانەوەی خواوەندەکان)؟

ئەنتۆنیۆ مۆرا وەڵامی دایەوە: کتێبەکە لە تەواو بووندایە، بەڵام نازانم ئەگەر بتوانم بڵاوی بکەمەوە، چونکە کەسێک نییە بوێرێت کتێبەکانی شێتێک بڵاوبکاتەوە.

پێسەوا درێژەی دایە: پێم بڵێ، کاروبار لە کلینیکی کاسییەی دەروون، کە بۆ ماوەیەک یەکمان تیا بینی، چۆن دەڕوات.

ئەنتۆنیۆ مۆرا وەڵامی دایەوە: باش دەزانیت، دەستنیشان کردنی نەخۆشییەکەم، پارانۆیا[29] لەگەڵ نێورۆسێسی[30] دەروونی پچڕپچڕ بوو، بەڵام لە شانسی من، دکتۆر گاما لەوێ بوو، کە حەزی دەکرد گوێم لێ بگرێت: ئەو کەسێکی زۆر ئازادە، ئەویش باوەڕی بە گەڕانەوەی خواوەندەکانە و بەرگری لەو بیرۆکەیە دەکات کە شێتی بابەتێکە مرۆڤ دایهێناوە تا ئەوانە گۆشەگیربکات کە کۆمەڵگا وەڕس دەکەن. منیش کۆمەڵگای کاسۆلیکی و کڵێسا بێزار دەکەم، چونکە من مژدەی گەڕانەوەی خواوەندەکان دەدەم، پێسەوای مەزن، تەنها تۆیت دەتوانیت یارمەتیم بدەیت، بەڵام تۆش، لە ئێستاوە لە ئاشیرۆن دەپەڕیتەوە و منیش لە شێتخانەیەکدا خۆم

---

٢٩ paranoia : نەخۆشییەکە بەمانای هەست بەچەوسانەوەکردن یا خوو بەچەوسانەوەگرتن دێت، یان بەمانایەکی تر پارانۆیا واتا متمانە نەبوون بە هەموو شتێك بەهەموو کەسێك بەهەموو پرۆداوێك. (و.ک)

٣٠ Neurosis: نەخۆشیی عوساب. (و.ک)

تەنیا دەبینمەوە، کەسیش ناتوانێت نووسینەکانم بڵاوبکاتەوە.

پێسەوا پێکەنی، بە ئەدەبەوە سەری خستە سەر سەرینەکەی و بە جۆڵەیەکی دڵنیاکەرانە ئاماژەی کرد. وتی:

ئەنتۆنیۆ مۆرای ئازیز، هەموو ئەو نووسینانە، کە ئەو پۆژەی لە کلینیکی کاسییەی دەروون یەکمان بینی، پێتدام، لەناو سنوقێکدا پاراستوومە، سنوقێک پڕ لە خەڵک[٣١]. لە ئێستاشەوە، کەسەکان بە زەحمەت تیای دەمێننەوە، بەڵام کتێبەکەت (گەڕانەوەی خواوەندەکان)، هەرگیز ون نابێت. پۆژێک دێت لەلایەن زۆرینەوە پەی پێ ببرێت، تەنانەت بەوپێیەی ئەمڕۆ توانای پێشبینی کردنم هەیە- دەتوانم پێتبڵێم ڕەخنەگرێکی گەورە کەشفی دەکات، ئەویش پیاوێکی پڕ لە هەست و سۆز و ڕۆشنبیرییە و ناوی کۆیلهۆیە.

ئەنتۆنیۆ مۆرا پرسی: وەک کۆیلهۆ باشیکۆ؟

پێسەوا وەڵامی دایەوە: ئەو جیاوازە، زۆر جیاوازە. پیاوێکە شیعر نانووسێت، بەڵام کاری لێکۆڵینەوە دەکات، ئەو پیاوێکی کەللەڕەقە لە کردنەوەی ڕەمزی ناو نووسینەکانی تۆو منیشدا سەرکەوتوو دەبێت، پیاوێکە خاوەن بەهایەکی مەزنە و بە جیهانمان دەناسێنێت.

ئەنتۆنیۆ مۆرا پرسی: لە چ شوێنێک لە جیهاندا؟

پێسەوا وەڵامی دایەوە: لە جیهاندا.

ئەنتۆنیۆ مۆرا هەنگاوێک چووە پێش و بەچۆکدا هات:

پێسەوای ئازیز، سەبارەت بە دۆزەکەت، چیم پێدەڵێیت سەبارەت بە دۆزەکەت، مانەوەت چۆن بوو لە کلینیکی کاسییە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان؟ من سەرسوڕماوم، چونکە دوای ئەوە نەمبینیتەوە،

---

٣١ کتێبێکی ئەنتۆنیۆ تابوکییەو بریتییە لە لێکۆڵینەوەو وتار لە بارەی ژیانو ئەدەبی پێسەواوە.

ئایا جیایان کردیتەوە؟

پێسەوا هەناسەیەکی هەڵکێشا. وتی:

دەبێت دان بەوەدا بنێم، من داخڵی نەخۆشخانە نەبووم. ئارەزووم لەوە نەبوو. پێم باشتر بوو چەند هەفتەیەک لە خانوویەک بەسەر بەرم کە بەسەر کەنداوەکەدا دەڕوانێت، لە شەقامی (داسوداد)، لای خانمێک کە گرنگی پێدەدام، ئەو بێوەژنە، لەگەڵ دوو کچەکەیدا دەژی، ئەوان دوو منداڵی ژیکەڵەن، ژنەکە هەندێک ژەمی کەمی سەیری لە نێوەڕۆو ئێوارەدا، بۆ ئامادە دەکردم. بەڵام، لە قوڵاییدا، بۆ نا، ئازیزم ئەنتۆنیۆ مۆرا دەمەوێت بۆت وەسف بکەم، دەی با بزانیت، هەمیشە، بۆ نیوەڕوان، ماسی بە فڕن لێنراو یاخود برژاو لەگەڵ شەرابی کۆلاریسی سپی، لە ئێوارەشدا، ئای لە ئێوارەدا، شێوەکە خوانێکی ڕاستەقینە بوو. هەمیشە شۆربای یەنتیجانا یاخود کالدۆفێردی، پاشان، ئەندێشەی بکە، ماسییەکی مۆرە بە فڕن و (بیسکادیناس دو ڕابۆ نابۆکا)و چەندین دەفری بچوکی بە تام. ژوورێکم درابوویە بەسەر کەنداوەکەدا دەیڕوانی، لە ڕاستیدا خۆی هۆڵێک بووە بە دووکەڵکێشێکەوە، بەڵام بە مەبەست، کرابوو بە ژوورێکی نووستن. لە ئێوارەدا، تیای دەمامەوە، لە بالکۆنەکەدا، لە کەنداوی کاسییە و ئەستۆریلم دەڕوانی، لە ڕادیۆکەشەوە گوێم لە ئاوازی سەمائامێز یاخود هەندێک گۆرانیی کۆنی (ناوچەی) کوامبرا دەگرت، هەستم بە بەختەوەری دەکرد.

ئەو خانمە ناوی چییە؟ ئەنتۆنیۆ مۆرا پرسیاری کرد.

ناوەکەی هیچ بایەخێکی نییە، پێسەوا وەڵامی دایەوە.

ئەنتۆنیۆ مۆرا وتی: من ئیرەییت پێدەبەم، بەڕاستی من ئیرەییت پێدەبەم، ساتی بەختەوەرییت هەبووە، پێم بڵێ، لە چارەسەرکردنەکەدا

سەرکەوتوو بوویت؟

پێسەوا وتی: باشە، بەدیاری کراوی لەوکاتەدا، شەپۆلێکی ڕەش دای لەسەرم، دەزانیت، نەمدەزانی چی بکەم، خۆم وەک شێت دابنێم یاخود خۆم فڕێ بدەمە ڕووباری تاجەوە. پێویستم بە خێزان هەبوو، بە کەسێک گرنگیم پێ بدات، بە میهر و سۆزەوە مامەڵەم لەگەڵ بکات. لەم خێزانەدا ئەو پەناگایەم دۆزییەوە، پاشان، کاتێک بە تەنیا دەمامەوە، چونکە هەندێک کات بە تەنیا دەمامەوە لە ماڵەکەدا، سەگێکی لێ بوو، سەگێکی ڕەشی جوان ناوی جۆ بوو، (بندوق) زۆر زیرەک بوو، شیعرە ئێزۆتیرییەکانمم[٣٢] بۆ دەخوێندەوە و دڵنیابووم لەوەی، ئەو سەگە، ڕۆحی خواوەندە میسرییە کۆنەکانی دۆناودۆن کردووە، پەلەکانی خۆی لەسەر کاشییەکە دەخوراند و کێشی شیعرەکانمی بۆ پارچە پارچە دەکردم. لەمیانەی ئەم کەرت کردنە شیعرییە، شێتانە و خواوەندانەییەوە، کێشی شیعرەکانمم ڕێکدەخست، دەمگۆڕین بۆ مۆسیقا. دوای ئەوە، بۆ دانیشتن دەچووم بۆ بالکۆنەکە و کەنداوەکەم دەبینی، بەلەمی ماسی گرەکانم دەبینی کە دەمەو بەیانی دەگەڕانەوە، گوێم لە دەنگی ئەو دەریاوانانە دەبوو کە بە خۆشییەوە یەکتریان بانگ دەکرد، بۆنی قەتران و تۆڕی ماسیگرەکانم هەڵدەمژی و هەموو شتێک جوان و کۆن بوو، ئیدی لەم ڕێگایەوە چاک بوومەوە، مردنم بیرچوەوە و سەرلەنوێ گەڕامەوە بۆ ژیان.

هەروەها منیش مردنم بیرچوەوە، ئەنتۆنیۆ مۆرا وای وت،

---

٣٢ وشەکە لە بنچینەدا یۆنانییە، واتای نادیار و تایبەت دەدات، ئێزۆتیریک بە عەرەبی پێی دەڵێن العلوم الباطنیة. (و.ک)

چونکه من باوکه لۆکریسم خوێندەوه، ئەوەی گەڕانەوەی ژیانی[٣٣] لە ڕۆژێمی سروشتدا زانی و تێگەشتم هەموو ئەو گەردانەی پێکی دەهێنن ئەم تایبەتمەندییە ناکۆتا بچوکانەی ئەم جەستەیەی ئێستامان پێکدەهێنن، دوای ئەوە لە سووڕە ئەبەدییەکەدا دەگەڕێنەوە و ئاو، زەوی، بەروبوومە گەیوەکان، ڕووەک، ئەو نورەی بینایی دەبەخشێت، ئەو بارانەی تەڕمان دەکات، ئەو هەوایەی دەمان شەکێنێت، ئەو بەفرە سپییەی لە زستاندا بە پاڵتۆکەی دەمانپێچێتەوە. ئەی پێسەوا، ئەی مەزن، بە زۆر شێوەی جیاواز کە سروشت دەیەوێت، هەموومان دەگەڕێینەوە بۆ زەوی، لەوانەیە، ببیتە، سەگێک ناوی جۆیە، گەردی لکە گیایەک یاخود دەماری[٣٤] کچۆڵەیەکی ئینگلیز، کە بەسەرسامییەوە سەیری یەکێک لە گۆڕەپانەکانی لیشبۆنە دەکات. بەڵام تکات لێ دەکەم، هێشتا کات زووە بۆئەوەی جێمان بهێڵێت، کەمێکی تر لەنێوماندا بە سیفەتی فێرناندۆ پێسەوا، بمێنەرەوە.

پێسوا ڕوومەتی خستە سەر سەرینەکە و بە ماندوویییەوە زەردەخەنەیەکی کرد. وتی:

ئازیزم ئەنتۆنیۆ مۆرا، برۆسیربین لە مەملەکەتەکەی خۆی دەیەوێم، ئێستا کاتی ڕۆشتنە، ئێستا کاتی بەجێهێشتنی شانۆی ئەم وێنانەیە کە پێی دەڵێین ژیان. ئەگەر تۆ ئەو شتانەت دەزانی من لە میانەی چاویلکەکانی ڕۆحەوە بینیومن، لوتکەی

---

٣٣ لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە، پێیان وایە گەردونو مرۆڤو هەموو شتێک دوای مردنو فەنابوونیان، سەرلەنوێ وەک خۆی دەخوڵقێنرێتەوە. هەموو شتێک جارێکی تر ڕووەداتەوە. (و.ک)

٣٤ لە عەرەبییەکەدا وشەی (عرقوب) هەیە، بریتییە لەو ڕەگە ئەستورەی لەسەرو پاژنەی پێوە بەرەو پوز هەڵدەکشێت (فەرهەنگی شیرین).

ئۆریۆنم بینیوە، لەو بەرزییەدا، لەو فەزا بێ کۆتاییەدا، بەم دوو پێ زەمینییەم بەسەر خاچی باشوردا ڕۆشتووم، شەوانی بێ کۆتاییم وەک نەیزەکێکی درەوشاوە بڕیوە، فەزا ئەندێشەکراوەکانی نێوان ئەستێرەکانم بڕیوە[٣٥]، شەهوەت و ترس، پیاو، ئافرەت، پیر، کچێکی بچوک بووم، حەشاماتی جادە زۆر و زەبەنەکانی پایتەختە گەورەکانی خۆرئاوابووم، سکونی بودای ڕۆژهەڵات بووم کە ئیرەیی بە ئارامیی، بە حیکمەتی دەبەم، من خۆم بووم و ئەوانی تریش، هەموو ئەوانەی دەمتوانی ببم بەوان، شکۆو شەرمەزاری، کەفوکوڵ و داهێزراویم ناسی، ئەو ڕووبار و چیایانەم بڕی کە گەشتن پێیان ئاستەم بوو، ڕان و مێگەلە ئارامەکانم بینی و خۆر و باران بەر سەرم کەوتن، مێ بووم لە گەرمادا، ئەو پشیلەیەش بووم لە شەقامدا یاری دەکات، خۆر و مانگ بووم، من هەموو ئەوانە بووم چونکە هەرگیز ژیان بەش ناکات. ئەنتۆنیۆ مۆرای ئازیزم، بەڵام لە ئێستادا، بەش دەکات. ئەو ژینەی ژیام وەک ئەزمونکردنی هەزاران ژیان وابوو. من شەکەتم، مۆمی ژیانم توایەوە، تکا دەکەم، چاویلکەکەم بدەرێ.

ئەنتۆنیۆ مۆرا جلەکەی ڕێک کرد. پرۆمیسۆس لە ناوەوەیدا گینگلی دەدا. هاواری کرد:

ئەی ئاسمانی خواوەند، ئەی بایە باڵدارە بزۆزەکان، ئەی سەرچاوەی ڕووبارەکان، ئەی بزەی شەپۆلە بێ ئەژمارەکانی دەریا، من لێتان دەپارێمەوە، ئێوە و ئەو خۆرەی هەموو شتێک دەبینێت، هەموتان سەیر بکەن بزانن چ ئازارێک دەچێژم.

پێسەوا هەناسەیەکی هەڵکێشا. ئەنتۆنیۆ مۆرا چاویلکەکەی

---

[٣٥] ڕووداوی نێوان ئەستێرەکان.

لەسەر کۆمەدییەکە هەڵگرت و کردییە چاوی. پێسەوا چاوی کردەوە، دەستی لەسەر چەرچەفەکە لە جوڵە کەوت. کاتژمێر بیست و سێ و سی خولەکی تەواو بوو.

❊ ❊ ❊

ئەو کەسانەی لەم کتێبەدا دەردەکەون

• فێرناندۆ پێسەوا

دەوترێت ئەدەبی پورتوگالی چوار شاعیری مەزنی هەیە، ئەو(یش) فێرناندۆ پێسەوا (یە). دیارە ئەم قسەیە بۆ کەسێک فێرناندۆ پێسەوا نەناسێت، کەمێک تەمومژاوییە و ناتوانێت بە قوولّی لە مەغزا و جوانیی ئەم ڕستەیە تێبگات، بەوەی بڵێی چوار شاعیرەکە یەک ناویان هەبووبێت، یاخود هەر چواریان یەک کەس بوون؟

کاتێک فێرناندۆ پێسەوای شاعیری پورتوگالی، کە یەکێک لە شیعرە بەناوبانگەکانی (دوکانی توتن)ە، لە ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٣٥دا، مرد، پێچەوانەی نووسەرانی تر، ئەو ژیانی لەدوای مردنەکەیەوە دەستی پێکرد. بەوەی باوەڵێکی لەدوای خۆی بەجێهێشت، کە تا ئێستا، بە پڕ ڕازترین میرات دادەنرێت لە مێژوی ئەدەبدا و کردی بە ئەفسانە لە دنیای نووسیندا.

فێرناندۆ ئەنتۆنیۆ نۆگییرا لە ١٣ی یۆنیۆی ١٨٨٨ لە لیشبۆنە لەدایکبووە. ئەو کوڕی ماجدالینا بینییرۆ نۆگییرا و جواکیم دو سییبرا پێسەوا بوو. باوکی لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی شارەکەدا ڕەخنەگری میوزیک بوو. کاتێک پێسەوا تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت، باوکی دەمرێت، دوای ئەوەی تووشی نەخۆشی سیل دەبێت. دیۆنیسیای نەنکیشی (دایکی باوکی) تووشی جۆرێک لە

شـێتی مەترسـیدار دەبێـت و لـە شـێتخانە دەمرێـت. لـە سـاڵی ١٨٩٥ دەڕوات بـۆ دوربـان لـە باشـوری ئەفریقـا، چونکـە دایکـی شـوو بـە کونسـوڵی پورتـوگال دەکات لـە باشـوری ئەفریقـا. هەمـوو خوێندنـی بـە زمانـی ئینگلیـزی دەبیـت. بـۆ نـاو نووسـین لـە زانکـۆ دەگەڕێتـەوە بـۆ پورتـوگال، بـەڵام خوێنـدن تـەواو نـاکات و لـە لیشـبۆنە دەژی.

لـە ٨ی مارسـی ١٩١٤دا ئەلبەرتـۆ کایـرۆ، یەکـەم کەسـایەتییە ئەلتەرناتیڤەکانـی بەدەردەکەوێـت و دواتـر ڕێـکاردۆ ڕەییـس و ئەلفـارۆ دو کامبۆسیشـی بـەدوادا دێـن. ئـەم جێگرەوانـەی (ئەلتەرناتیـف) (ئـەوی دیکـەی تربـوون). دەنـگ گەلێـک لەناویـدا دواون و ژیانـی سـەربەخۆی خۆیـان دەبێـت. پێسـەوا هەمـوو نووسـەرە پێشـڕەوەکانی پورتـوگال دەخولقێنێـت، هەمیشـە لـە پەنسـیۆن (ئوتێلـی بچوکـی هەرزانبایـی) یاخـود ژووری کرێـدا ژیـاوە. تەنهـا یـەک خۆشەویسـتیی هەبـووە لـە ژیانیـدا ئەویـش لەگـەڵ (ئۆفیلیـا کویـرۆز)، کـە وەک چاپکەر لەسـەر ئامێـری چـاپ، کاری کـردووە لـەو کۆمپانیـای هەناردەکـردن و هاوردەکردنـەی پێسـەوا کاری لێکـردووە. خۆشەویسـتییەکی بەهێـز و کـورت بـووە. پێسـەوا لـە ژیانیـدا تەنهـا لـە گۆڤارەکانـدا نووسـینی بڵاوکردۆتـەوە، تەنیـا کتێبێکـی بڵاوکراوەشـی لـە پێـش مردنەکەیـدا، کتێبێکـی بچـوک بـووە بەنـاوی (نامـە)وە، کـە چیرۆکێکـی ئێزۆتیرییـە لەبـارەی پورتوگالـەوە. لـە ٣٠ تشـرینی دووەمـی ١٩٣٥دا، لـە نەخۆشـخانەی (قەشـە لویسـی فەرەنسـی) لـە لیشـبۆنە بەهـۆی نەخۆشـیی جگـەرەوە دەمرێـت، کـە پێدەچێـت بەهـۆی زیادەڕەوییـەوە بووبێـت لـە کحولـدا.

نامۆیـی پێسـەوا لەوەدایـە، کـە تـا لەژیانـدا بـووە، بـەردەوام و ڕۆژانـە خەریکـی نووسـین بـووە. بـەڵام تەنهـا دیوانـە شـیعرێک بەنـاوی (نامـە) بڵاودەکاتـەوە. بـەڵام دوای مردنـی، باوەڵێـک دەدۆزرێتـەوە،

کە پێسەوا ژمارەیەکی زۆر نووسینی تێدا شاردۆتەوە. ئەو نووسینانەشی بەناوی کەسانی ترەوە نووسیوە و وەک شارەزایانی پێسەوا دەڵێن، نزیکەی ٢٧٥٤٣ دەقی تێدا دەبێت و تا ئێستاش لێیان ساغ دەکرێنەوە و بڵاودەکرێنەوە، کە لەم دواییەدا، یەکێکیان ڕۆمانێکی پۆلیسی بوو، بەناوی (دۆزی فارگاس) بڵاوکرایەوە.

سەیر و سەمەرەیی پێسەوا (ناوی ڕاستەقینەی -فیرناندۆ ئەنتۆنیۆ نۆگییرا- یە، بەڵام یەکێک لە ماناکانی ناوی پێسەوا، بریتییە لە هیچ کەس، چۆن لە کوردیدا ناوی بێکەس هەیە)، لەوەدایە کە ئەو، تەنها ناوی خوازراوی بەکارنەهێناوە، تا بیانکات بە دەمامک بۆ خۆی و لە ترسدا، یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی تر، بەناوی ترەوە بنووسێت. بەڵکو ئەو کەسایەتییەکانی خوڵقاندووە و ژیاننامەی بۆ دروستکردوون، تەنانەت چاوپێکەوتنیان کردووە و نامەیان نووسیوە، شیعریان وەرگێڕاوە و ڕەخنەیان نووسیوە. هەرچۆن کەسێکی ڕاستەقینە دەیکات. لەپشت هەر ناوێکەوە، کەسایەتییەکی دروستکردووە، کە شێوە و بیروباوەڕو شێوازی نووسینی جیاوازە: چ لە پێسەوا خۆی، چ لە کەسایەتییەکانی تری. تەنانەت تیایاندایە گومان لە بوونی پێسەوا خۆی دەکات، وەک ئەلفارۆ دی کامپۆس. هەیانە سەر بە دنیای گوندە، هەشیانە ڕەشبینە و بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە. هەیانە باوەڕی بە ڕۆڵی زانستە لە پێشکەوتن و بەختەوەریدا...

لەنامەیەکدا کە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٣٥ بۆ ئەدۆلفۆ کاسایسی نووسیوە، پێسەوا دەڵێت: هەر لە منداڵییەوە، دەمویست جیهانێکی وەهمی لەدەوری خۆم دروستبکەم و دەوری خۆم بە هاوڕێ و ناسیاوانێک بدەم، کە هەرگیز بوونیان نەبووبێت.

لە هەشتی مارسی ١٩١٤دا، پارچە پارچە بوونی پێسەوا، یاخود

دابەشبوونی بۆ چەندین کەسایەتی تر ڕوودەدات. یاخود دەکرێ بڵێین لەو بەرواردا، پێسەوا دەروازەکانی خۆی دەکاتەوە، تا چەندین کەسایەتی وەهمیی لێ بێنە دەرەوە. ئەویش دوای ئەوەی لەو ڕۆژەدا ٣٠ شیعر بەیەکجار و بێئەوەی پاکنووسیان بکات، لەژێر ناوی (شوانی مێگەل)دا دەنووسێت، لەوکاتەدا پێسەوا هەست دەکات ئەوەی شیعرەکانی نووسیوە، خۆی نییە، بەڵکو کەسێکی ترە، کە دەستبەجێ ناوی ئەلبەرتۆ کاییرۆی لێدەنێت. دوای ئەوە یەک بەدوای یەک، کەسایەتییەکانی تری دەخوڵقێنێت.

پێسەوا لە نووسینێکی دانپیانان ئاسادا بەناوی (ساتی شەیتان)، باس لەوە دەکات، کە لەساتی نووسیندا تارمایی یاخود ڕۆحی کەسێک دێتە ناوییەوە و ئیدی وەک ئەو و بەناوی ئەویشەوە دەنووسێت.

پێسەوا زۆر کەسی خوڵقاند، کە لەبواری جیاجیادا دەیاننووسی. وەک ئەوەی تەنها پێسەوا بەشی ئەوە نەکات تا گوزارشت لە خۆی بکات. لەو کەسایەتییە وەهمیانەی پێسەوا بەناویانەوە دەینووسی: شیڤالییە دی با، بە یەکەم کەسایەتی خوڵقێنراوی پێسەوا دادەنرێت، کە بە فەرەنسی نامەی بۆ پێسەوای تەمەن شەش ساڵ نووسیوە. دوای ئەو، چارلس ڕۆبەرت ئانون، کە بە ئینگلیزی دەینووسی. پاشان ئەلکسەندەر سێرچ. هەروەها ئەنتۆنیۆ مۆرای کۆمەڵناس و فەیلەسوف کە لەبارەی بت پەرستییەوە دەینووسی، ڕافائیل بالدایا کە گرنگی بە سیحر و غەیب دەدا و لە نووسیندا دەیویست ئەوە بسەلمێنێت، کە بوون وەهمە. تۆماس کرۆزی ڕەخنەگر و ئەکادیمیی پسپۆر لە شیعری ئەلبەرتۆ کاییرۆو وەرگێڕی شیعرەکانی کایرۆش بووە (دیارە کاییرۆش کەسایەتییەکی وەهمی و دروستکراوی پێسەوا خۆی بوو). بەڵام

زیاد لە هەموو ئەو کەسایەتییە وەهمیانەی پێسەوا، چواریان زۆر بەناوبانگن، کە پێسەوا ژیاننامەی بۆ دروست کردوون، وەک ئەوەی کەسانی ڕاستەقینەبن:

- ڕیکاردۆ ڕەییس: (دیارە ئەم ناوە ڕاستەوخۆ دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆمانەکەی ساراماگۆ —ساڵی مردنی ڕیکاردۆ ڕەییس—). ڕیکاردۆ پزیشک و شاعیر دەبێت و وەک دوورخراوەیەک لە بەرازیل دەژی. شیعرەکانی ڕیکاردۆ، شیعرگەلێکی ئاسایین و زیاتر ڕەشبینی زاڵە بەسەریاندا.

- ئەلفارۆ دی کامپۆس: لە لەندەن دەژی و پیشەی ئەندازیاری دەریاییە. کەسێتییەکی گۆشەگیرە و کاریگەریی والت وایتمان و ئایندەخوازەکانی ئیتالیای بەسەرەوەیە.

- ئەلبەرتۆ کاییرۆ دا سیلڤیا: ٢٦ ساڵ دەژی و تەمەن کورتترین کەسایەتیی پێسەوایە، کە ١٨٨٩ لەدایکبووە و زۆربەی ژیانی لە گوند بەسەر بردووە، لە ١٩١٥ بە نەخۆشی سیل دەمرێت. کەم خوێندەواری و گوندی بوونی کاییرۆ، کاریگەری هەبووە لەسەر شیعرەکانی. جارێک ئافرەتێکی خۆشویستووە، بەڵام ئەو گرنگی پێنەداوە.

برناردۆ سواریس: پێسەوا ئەم کەسایەتییە وەک کەسایەتییەکی شێوێنراوی خۆی وەسف دەکات و بە نووسەری (کتێبی نائارامی) دادەنرێت، کە کۆمەڵێک نووسینی کورت و یاداشتی ڕۆژانەن و لە جانتایەکدا بوون و دواتر کۆکراونەتەوە.

پێسەوا جانتایەک پڕ لە خەڵک یاخود باوەڵێک بەجێدەهێڵێت، وەک ئەنتۆنیۆ تابوکی دەڵێت. وەک ئەوەی لای پێسەوا، کەسە دروستکراوەکان، ڕاستەقینەتر بن لە کەسانی ئاسایی. پێسەوا لەو کەسە دەگمەنانەیە، دوور لە نێرجسییەت و عەشقی ناوبانگ، تەنها

دەیویست بۆ خۆی بنووسێت، بۆ خۆی کە بەو هەموو کەسە وەهمیانەی دروستی کردبوون و تێکستیان دەنووسی، ئەدەبێکە بۆ خۆی.

بەرهەمەکانی پێسەوا بۆ چوار بەش پۆلێن دەکرێن:

- ئەو شیعرانەی بەناوی خۆیەوە نووسیونی.
- ئەو شیعرانەی بەناوی کەسایەتی وەهمی و خوڵقێنراوەوە نووسیونی.
- ئەو یاداشتانەی بەدرێژایی ژیانی نووسیونی، بەڵام داویەتییە پاڵ برناردۆ سواریس، کە هەر کەسایەتییەکی وەهمی و دروستکراوی خۆیەتی.
- ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆک، لێکۆڵینەوە، وتار، نامە و وەرگێڕان، کە لە زۆر بابەتی فەلسەفی، ئەدەبی، ئابووری و ڕامیاری دواوە و بەناوی کەسایەتی خوڵقێنراو و وەهمییەوە نووسیونی.

پێسەوا لوغزێکە و تا ئێستاش نەتوانراوە، هەموو ئەو کەسایەتیانە بدۆزرێنەوە، کە خوڵقاندونی و وەک دەوترێت، پێسەوا بۆ خۆی ئەدەبێکە.

پێسەوا کەسێک بوو، ئەگەر لەبەر خۆر بوەستایە، ئەوا ٧٢ سێبەری دەبوو.

***

• ئەلفارۆ دو کامپۆس

ئەلفارۆ دو کامپۆس ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٠ لە تاڤیرا لەدایکبووە، کە دەکەوێتە کەنارەکانی ناوچەی ئەلگارڤێ لە پورتوگال. لە شاری گلاسکۆ دبلۆمی لە ئەندازیاریی دەریایی بەدەست هێناوە. لە لیشبۆنە ژیاوە بێئەوەی کار لە بواری پیشەکەی خۆیدا بکات. بە کەشتییەکی زەریای ئەتلەنتیک بڕ سەفەرێک بۆ ڕۆژهەڵات دەکات و قەسیدەیەکی کورت بەناوی (ئۆبیاریۆم)ی بۆ دەنووسێت. ئەو سوک و ڕسوا، ئایندەخوازی، پێشڕەو، نهیلیستیی بووە. لە ساڵی ١٩٢٨دا، جوانترین شیعری سەدەکە (دوکانی توتن) دەنووسێت. لە ژیانیدا خۆشەویستییەکی هۆمۆی هەبووە و بەجۆرێک خۆی لە ژیانی پێسەوا هەڵدەقورتێنێت، کە دەزگیرانییەکەی لەگەڵ ئۆفیلیا تێکدەدات. کامپۆس کەتە و خاوەن قژێکی ڕەشی خاو بووە، بەلادا دایهێناوە، کامڵ و کەمێک لوت بەرز بووە، عەینەکی یەک چاو (مۆنۆکل)ی لە چاو کردووە، ئەمەش شێوەیەکی نمونەیی کەسێکی پێشڕە و بووە لەو سەردەمەدا. ئەو بۆرژوازی بووە و بۆرژوازیش نەبووە، نەرمونیان و قیرسچمەش بووە، هاندەر، عوسابی (Neurosis)و غەمگین بووە. لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥، لە هەمان ڕۆژو ساڵدا لەگەڵ پێسەوادا دەمرێت.

***

• ئەلبەرتۆ کایرۆ

ئەلبەرتۆ کایرۆ دا سیلڤای مامۆستای فێرناندۆ پێسەوا و هەموو ئەلتەرناتیڤەکانییەتی، ساڵی ١٨٨٩ لە لیشبۆنە لەدایکبووە و ساڵی ١٩١٥ لە یەکێک لە هەرێمەکاندا مردووە و وەکو باوکی پێسەوا نەخۆشی سیلی هەبووە. ژیانە کورتەکەی لە گوندێکی ڕیباتیخۆ، لە ماڵی یەکێک لە پووره قەیرەکانی بەسەر دەبات، کە لەبەر تەندروستییە لاوازەکەی، لای ئەو گۆشەگیر دەبێت. شتێکی ئەوتۆ نییە تا لەبارەی ژیانی ئەم پیاوە گۆشەگیر و ڕاماوەوە بووترێت، کە دوور لە هەموو ژاوەژاوێک ژیا. پێسەوا بە: پیاوێکی قژ زەرد، ڕەنگ بزرکاو، چاو شین، باڵا مامناوەندی وەسفی دەکات. لە ڕووکاردا شیعری پەسنکاری ساکاری نووسیوە، بەڵام لە ڕاستیدا کایرۆ وەک چاوێک بوو بۆ بینین و یەکێک لە پێشەنگانی فینۆمینۆلۆژیایە، کە لە دوای چەند دەیەیەک لە ئەورووپا دەرکەوت.

***

• ڕیکاردۆ ڕەییس

ڕێکاردۆ ڕەییس لە ١٩ی سێپتەمبەری ١٨٨٧ لە ئۆبۆرتۆ لەدایکبووە و لە قوتابخانەی یەسوعییەکان گەورەبوو. پزیشک بووە، بەڵام نازانین ئەگەر سوودی لە پیشەکەی بینیبێت و لەسەری ژیابێت. دوای دامەزراندنی کۆماری پورتوگال، بەهۆی بیروباوەڕە ئەنارشییەکانی چوو بۆ تاراوگە لە بەرازیل. شاعیرێکی هەستەکی، مادی، نیوکلاسیک بووە و کاریگەر بووە بە والتەر باتەر و کلاسیکی ئەبستراکت و وشک، کە هەندێک لە سروشتییەکان و هەندێک لە پیاوانی زانستی ئەنگلۆ سەکسۆنی لە کۆتایی سەدەکەدا، سەرسام کردبوو.

***

- **بێرناردۆ سواریس**

مێـژووی لەدایـک بـوون و مردنـی نازانیـن. ژیانێکـی زۆر خاکـی ژیـاوە. لـە یەکێـک لـە کۆمپانیاکانـی هێنـان و هەناردەکردنـی قومـاش لـە شـاری لیشـبۆنە (یاریـدەدەری ژمێریـار) بـووە. هەمیشـە خەونـی بـە سـەمەرقەندەوە بینیـوە. ئـەو نووسـەری یاداشـتە ڕۆژانـەی لیریکـی و میتافیزیکـی بـووە و نـاوی (کتێبـی نائارامـی) لێنـاوە. پێسـەوا لـە چێشـتخانەیەکی بچـوک بەنـاوی (پێسـەوا) دەیناسـێت و لـە کاتـی شـێو خواردنـدا، بێرنـاردۆ سـواریس باسـی پـرۆژە ئەدەبییەکـەی و هەروەهـا خەونەکانـی خـۆی بـۆ دەکات.

***

• ئەنتۆنیۆ مۆرا

ئەنتۆنیۆ مۆرای فەیلەسوف، خاوەنی کتێبی (گەڕانەوەی خواوەندەکان)ە، کە دواتر کتێبی گەورەی (نیوپاگانی)ی پورتوگالی پێکدەهێنێت، کۆتایی ژیانی لە کلینیکی نەخۆشییە دەروونییەکان لە کاسییە بەسەر دەبات. هەر لەم کلینیکەدا پێسەوا ئەنتۆنیۆ مۆرا دەناسێت. ئەنتۆنیۆ مۆرا گەورە، سەنگین، خاوەن دیدێکی زیندوو و ڕیشێکی سپی بوو. ئەنتۆنیۆ مۆرا سەرەتای شیوەنی پرۆمیسیۆس، کە لە تراژیدیای ئەخیلەوە وەرگیراوە، بۆ پێسەوا دەخوێنێتەوە. لەم دۆخەدا فەیلەسوفە پیرەکە دەستنووسەکانی بە پێسەوا دەسپێرێت.

***

• نووسەر

ڕۆماننووسی ئیتالی، ئەنتۆنیۆ تابوکی (٢٣ی ئەیلولی ١٩٤٣- ٢٥ی ئازاری ٢٠١٢) ئەو نووسەرەیە لەناو ئەفسانە و دنیای پێسەوادا کاری کردووە. دیارە تابوکییش، بۆ خۆی چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری هەیە. ئەو کاتێک گەنج دەبێت، لەسەرەتای دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا، لە فەرەنسا دەخوێنێت، بەرێکەوت لە کۆشکێکی نزیک ویستگەی شەمەندەفەر، کتێبی (دوکانی تووتن)ی پێسەوا، بە وەرگێڕدراوی فەڕەنسی دەکڕێت، کە ناوی ئەلفارۆ دو کامپۆسی لەسەرە، (ئەمیش یەکێک لە کەسایەتییە دروستکراوەکانی پێسەوایە و پێسەوا بەناوییەوە شیعری نووسیوە). تابوکی لە ڕێگای گەڕانەوەی بەرەو ئیتالیا، دوکانی تووتن دەخوێنێتەوە و ئیدی سەرلەبەری ژیانی دەگۆڕێت. بەوەی ئەو کتێبەی پێسەوا وایلێدەکات خۆی فێری پورتوگالی بکات و لەوێ بخوێنێت و ببێتە مامۆستای زمان و ئەدەبی پورتوگالی و یەکێک لە پێسەوانا سە گرنگەکان و وەرگێڕی پێسەوا بۆ زمانی ئیتالی.

تا ڕادەیەک دەتوانم بڵێم لەدنیای کوردیدا تابوکی ئامادەیی هەبووە، بەڵام بەوپێیەی دنیای خوێندنەوەی ئێمە (مۆد) زۆر زاڵە بەسەریدا، ئەوا تابوکی زۆر بێدەنگ تێپەڕیوە. ئەگینا تابوکی یەک کتێبی هەیە بەکوردی، کە ئەوەندە بە بێدەنگی تێپەڕیوە،

باوەڕناکەم زۆر کەس هەر ئاگاداریشی بووبێت. ئەو کتێبەش ناوی (خەونی خەونەکان)ە، کە لەلایەن (جەلال ڕەئوف)ەوە ساڵی ٢٠٠٢ کراوە بەکوردی و تابوکی لەو کتێبەدا بیست خەونی ئەندێشەیی، بەناوی بیست ناوداڕەوە دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی لەبری ئەوان خەون ببینێت، یاخود ببێتە ئەوان. لەوانە: ڕامبۆ، لۆرکا و گۆیای وێنەکێش و... دیارە ئەو یارییەی تابوکی لەم کتێبەدا دەیکات، زۆر جیاوازە لەوەی پێسەوا، ئەگەرچی جوانیی خۆی هەیە و دەتوانرێت هێڵێکی زۆر پەنهان لەنێوان ئەم کتێبەی تابوکی و پێسەوادا بدۆزینەوە. بەوەی ئەگەر پێسەوا دابەش ببێت بەسەر زۆر کەسایەتی وەهمیدا، ئەوا تابوکیش جۆرێک لەم دابەشبوونە دەکات، بەڵام بەسەر کەسانی واقیعی و ڕاستەقینەدا. تابوکی چەندین کتێب و وتاری هەیە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پێسەوا وە هەیە. وەک یەکەم ڕۆمانی بەزمانی پورتوگالی (نوێژێک بۆ ئاسودەیی مردوان)، کە دوای مردنەکەی ئەندێشەی بەیەک گەشتنێک دەکات لەگەڵ پێسەوادا. کتێبی (سنوقێک پڕ لە خەڵک)، ڕۆمانی (شەوە هیندییەکان)و ڕۆمانی (وڕێنەی سێ ڕۆژی کۆتایی ژیانی پێسەوا).

ئەو کتێبەی دواییان (ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدراوەیە)، ڕۆمانێکی زۆر بچوکی تابوکییە، کە زیاتر بە یاداشتی دوا ڕۆژەکانی پێسەوا دەچێت، (بەڵام یاداشتێکی ئەندێشەیی کە تابوکی دەینووسێتەوە). وەک لە ناونیشانەکەیەوە بەدەردەکەوێت، باسی ئەو سێ ڕۆژەی پێسەوا دەکات، کە نەخۆشە و لە خەستەخانە دەکەوێت. لەو ماوەیەدا پێسەوا لە سەرەمەرگدایە و سێ کەس، لەو کەسایەتییە وەهمییانەی، پێسەوا خۆی خوڵقاندونی و بەناویانەوە دەقی نووسیوە، هەر جارە و یەکێکیان خۆی دەکات بە ژورەکەیدا و

سەردانی دەکات. هەر یەکێکیش لەو کەسایەتییانە، دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ پێسەوادا و پێکەوە لەبارەی زۆر شتەوە دەدوێن.

پێسەوا کەسێک بوو، کە چوار ژیان، ژیا. ئەویش لە ڕێگای ئەو کەسانەی خولقاندنی. لە ڕۆمانەکەی تابوکیدا و لەکاتی سەرەمەرگەکەیدا، هەموو ئەو ژیانانەی پێسەوا هەیبوون، بەیەک دەگەن و لە دەوری چەرپاکەی کۆدەبنەوە، (کە لەڕاستیدا بوونیان نییە و تەنها لەسەر کاغەز هەبوون)و گفتوگۆ دەکەن، کە پێناچێت لەنێوان وێنەیەکی وەهمی و وێنەیەکی واقیعی و ئەسڵیدا بێت. بەڵکو وەک ئەوەی گفتوگۆکە لەنێوان دوو وێنەی ئەسڵیدا ڕووبدات.

هەروەها ئەو ڕۆمانە بچوکەی لە چاپە عەرەبییەکەیدا بە (شەوانی هیندی) وەڕگێڕدراوە، پەیوەندییەکی قوڵی بەدنیای پێسەوا وە هەیە و نامەوێت لێرەدا هیچی لەبارەوە بڵێم.

***

ئەنتۆنیۆ تابوکی وانەی ئەدەبی پورتوگالی لە زانکۆی (سیینا) دەوتەوە، دوای ئەوەی سااڵنێکی زۆر، وەک بەڕێوبەر لە سەنتەری ڕۆشنبیریی ئیتالی لە پورتوگال کاری کرد. لە ٢٥ی مارسی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد.

***

• وێنەکێش

سکێچەکانی فێرناندۆ پێسەوا، کە لەم کتێبەدان، بەشێک لە زنجیرەیەک پێکدەهێنن، کە ٢٢٣ وێنەن و (خۆلیۆ پومار) کێشاونی. ئەم کارانەشی بۆ ئەوە کرد، تا (ئەزۆلیخۆس) لە وێستگەی ئەلتو دۆس مۆینۆس لە میترۆی بەرشەلۆنە بڕازێننەوە. ئەم کارانەش پێشکەش بە چوار شاعیر کراون: کامۆییس، پۆکاچ، ئەلمادا و پێسەوا. ئەم وێنانەش هەر هەموویان، ساڵی ١٩٩٣ لە ئەلبومێکدا چاپکرانەوە و کۆمپانیای (مێترۆپۆلیتانۆ لیشبۆنە) بڵاوی کردەوە.

خۆلیۆ پومار ساڵی ١٩٢٦ لە لیشبۆنە لەدایکبووە و لەنێوان لیشبۆنە و پاریس دەژی و کار دەکات.

چەندین پێشانگای لە پاریس، لیشبۆنە، بەرازیل و ئەڵمانیا کردۆتەوە. چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

* گوتار لەبارەی عەجزی هونەرمەندەوە ١٩٨٤.
* ئەلگۆگس ئەفینتوس- شیعر ١٩٩٢.

* * *

Wrrêne



ISBN 978-1-63068-979-7

ENTONYO TABUKÎ

Wrêne

W. Eta Muhamed

ISBN 978-1-63068-979-7

ENDESE

9 781630 689797

٤٠٠٠ دینار